# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٦٠)ساڵی بیستەم ٢٤/ کانونی یەکەم/٢٠٢٠/ زاینیی ٣/ بەفرانبار/٢٧٢٠/ کوردی ٩/جەمادی یەکەم/١٤٤٢ کۆچی

260


## لەم ژمارەیەدا :


**پەیڕەوی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ١
پەیڕەوی ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی

**پەیڕەوی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ٣
پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان** لا ٦
ڕێنمایی تایبەت بەمۆڵەتدان و کارکردنی پاڵاوتگەی نەوت

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** لا ٢٢
دیاریکردنی جل وبەرگ و شێوەی و هێما و نیشانەکانی پلەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

**ڕێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** لا ٣٠
خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی

**ڕێنمایی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** لا ٣٣
تایبەت بە سندوقی خانەنشینی

**ڕێنمایی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** لا ٣٩
تایبەت بە پەیڕەوی دیاریکردنی مەرجەکانی دامەزراندن لە پلەی باڵا

**ڕێنمایی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** لا ٤٠
تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٠

**ڕێنمایی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** لا ٤١
تایبەت بە هەموارکردنی بڕوانامە

**ڕێنمایی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** لا ٤٢
تایبەت بە جیاوازی مووچە و دەرماڵەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** لا ٤٣
هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٠

**ڕێنمایی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** لا ٤٣
تایبەت بە ڕاگرتنی خەرجی

**ڕێنمایی ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** لا ٤٤
یەکخستنەوەی دۆسیەی کەسی گشت ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگە

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی داد**
کردنەوەی (ناوەندی لێکۆڵینەوەی یاسایی)

**بەیانی ژمارە (٥٦)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** لا ٤٥
فراوانکردنی حەرەمی گوندی (فقێ جنە) لە سنوری قەزای دەربەندیخان – پارێزگای سلێمانی

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو** لا ٤٦

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٠ دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان** لا ٤٧

**بەیانی ژمارە (٣٢ – ٣٣ – ٣٤ – ٣٥ )ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی تەندروستی** لا ٤٨



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎:(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

نرخی ١٥٠٠ دینارە

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٦٠) السنة العشرون ٢٤/ كانون الأول / ٢٠٢٠ ميلادي ٣/ بەفرانبار/٢٧٢٠/كوردي ٩/ جماد الأول /١٤٤٢ هجري

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice


# 260

## في هذا العدد:

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


| | |
|---|---|
| نظام رقم (٨) لسنة ٢٠٢٠ رئاسة مجلس الوزراء | لا ١ |
| نظام رقم (٩) لسنة ٢٠٢٠ رئاسة مجلس الوزراء | لا ٣ |
| تعليمات رقم (١)لسنة ٢٠٢٠ وزارة الثروات الطبيعية | لا ٦ |
| تعليمات رقم (٥)لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية | لا ٢٢ |
| تعليمات رقم (٢٣)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | لا ٣٠ |
| تعليمات رقم (٢٤)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | لا ٣٣ |
| تعليمات رقم (٢٥)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | لا ٣٩ |
| تعليمات رقم (٢٦)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | لا ٤٠ |
| تعليمات رقم (٢٧)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | لا ٤١ |
| تعليمات رقم (٢٨)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | لا ٤٢ |
| تعليمات رقم (٢٩)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | لا ٤٣ |
| تعليمات رقم (٣٠)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | لا ٤٣ |
| تعليمات رقم (٣١)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد | لا ٤٤ |
| بيان رقم (٣)لسنة ٢٠٢٠ وزارة العدل | |
| بيان رقم (٥٦)لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية | لا ٤٥ |
| بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الزراعة و الموارد المائية | لا ٤٦ |
| بيان لسنة ٢٠٢٠ هيئة النزاهة اقليم كوردستان | لا ٤٧ |
| بيان رقم (٣٢ — ٣٣ — ٣٤ — ٣٥ ) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الصحة | لا ٤٨ |



No. 260 Date: December, 24 , 2020 Vol.: 20

چاپخانەی شەهاب هەولێر



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎: (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd



سعر ١٥٠٠ دينار

**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٨٧٤٥ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٠**

پشت بەست بە حوكمەكانی ماددەی (حەوتەم) لە یاسای ئیمتیازاتی زیندانی كراو و گیراوی سیاسی كوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەمواركراو ، و پاڵپشت بە بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو ، ئەنجومەنی وەزیران لە كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٤٣) لە ڕێكەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٨ ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەركرد :

**پەیڕەوی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**پەیڕەوی ئیمتیازاتی زیندانی كراو و گیراوی سیاسی كوردستانی**

**ماددەی (١):**

ئەم زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریان دەگەیەنن بۆ مەبەستەكانی ئەم پەیڕەوە :-

**یەكەم: زیندانی كراوی سیاسی:** ئەو كەسەیە كە گیرا بێت یا زیندانی كرابێت بەهۆی ناڕەزایی دەربڕینی بۆ ڕژێمە یەک لەدوای یەكەكان لە عێراق تا ٢٠٠٣/٤/٩ی ڕۆژی ڕووخانی ڕژێم لە عێراق ، لەسەر ڕادەربڕین و بیروباوەڕ یان ئینتیمای نیشتیمانی یان سیاسی ، یاخود لایەنگیریكردنی ئۆپۆزسیۆن ، یان یارمەتیدانیان یاخود بەشداریكردنی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان و بڕیاری حكومكردنی لەلایەن یەكێک لە دادگاكان یاخود دەسەڵاتەكانی سەر بە ڕژێمە ناوبراوەكان درابێ .

**دووەم: گیراوی سیاسی:** هەر كەسێک گیرابێت ، یان گلدرابێتەوە ، یان ڕاگیرا بێت بەبێ ئەوەی بڕیاری حوكمی لەبارەیەوە لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە دەرچوو بێت بەپێی هەمان هۆیەكانی كە لەخاڵی (یەكەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە .

**ماددەی (٢)**

**یەكەم:** خەرجكردنی بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەشێوەی بەخشیش (مینحە)ی خانەنشینی مانگانە بۆ زیندانی سیاسی .

**دووەم:** خەرجكردنی بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەشێوەی بەخشیش (مینحە)ی خانەنشینی مانگانە بۆ ئەو گیراوە سیاسییانەی كە ماوەی گیرانیان لە ساڵێک زیاتر بێت .

**سێیەم:** خەرجكردنی بڕی (٥٠،٠٠٠)پەنجا هەزار دینار مانگانە زیاد دەكرێت بۆ بەخشیش (مینحە)ی خانەنشینی هاتوو لە هەردوو بڕگەی (یەكەم) و (دووەم)ی سەرەوە لەم پەیڕەوە بۆ هەر ساڵێكی ناو زیندان دوای ساڵی یەكەم .

**چوارەم:** خەرجكردنی بڕی (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار مانگانە وەک بەخشیش (مینحە)ی خانەنشینی بۆ ئەو گیراوە سیاسییەی كە ماوەی گیرانی لە (٦) شەش مانگ زیاتر بێت و لە ساڵێک كەمتر بێت .

**پێنجەم:** خەرجکردنی بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بەشێوەی بڕاوە (مقطوع) تەنها بۆ یەکجار لە بەرامبەر هەر مانگێکی ڕاگرتنی گیراوی سیاسی کە ماوەی گیرانی لە (٦) شەش مانگ کەمتر بێت .

**ماددەی (٣)**

**یەکەم:** زیندانی کراو و گیراوی سیاسی گەر ماوەی گرتنەکەی لە (٦) شەش مانگ زیاتر بوو ، بە ساڵێک بۆی هەژمار دەکرێت دوای ساڵی یەکەم .

**دووەم:** گیراوی سیاسی گەر ماوەی گرتنەکەی لە (نیو مانگ) زیاتر بوو ، بە مانگێک بۆی هەژمار دەکرێت ، بەمەبەستی وەرگرتنی بەخشیش (مینحە)ی بڕاوە (مقطوع) تەنها بۆ یەکجار .

**سێیەم:** زیندانی کراو یان گیراوی سیاسی کە بەخشیش (مینحە)ی مانگانەیان پێدەدرێت لە خزمەتگوزارییەکان سوودمەند دەبن ، بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو .

**چوارەم:** ئەوانەی لە ناو بەندیخانە و زیندانەکاندا لە دایکبوون ، بەپێی ماوەی گیرانی دایکیان ماوەی گرتنەکەیان بۆ هەژمار دەکرێت .

**ماددەی (٤)**

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە دەردەکات.

**ماددەی (٥)**

پەیڕەوی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٢ بۆ جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە .

**ماددەی (٦)**

ئەم پەیڕەوە لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم پەیڕەوە**

بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ، ئەم پەیڕەوە دەرچووێندرا.

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ٨٧٤٤ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٠**

پشت بەست بە حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (پێنجەم) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو ، و پاڵپشت بە بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٤٥) لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٥ ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەرکرد :

**پەیڕەوی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

ئەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە :-

**یەکەم: شەهیدی سەنگەر**: هەر کەسێک لەکاتی بەرخودانی چەکداریی وەک پێشمەرگەیەک یان خەباتی سیاسی یان لە دەر ئەنجامی هەردووکیان دژ بە ڕژێمە داپلۆسێنەرە یەک لەدوای یەکەکان وەک بەرگریکردنێک لە خاک و گەلی کوردستان ، شەهید بووبێت .

**دووەم**: **شەهیدی جینۆساید**: هەر کەسێک شەهید بووبێت لە ئەنجامی تاوانەکانی جینۆساید لەکاتی تاوانەکانی ئەنفال یان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی یان جینۆسایدی بارزانییەکان یان کوردە فەیلییەکان یان هەر تاوانێکی تری ئەنجامدراو دژ بە پێکهاتەکانی گەلی کوردستان لە کورد و تورکمان و کلدان و سریان و ئاشورییەکان و ئەرمەنەکان و ئەوانی دیکە .

**سێیەم**: **شەهیدی هاووڵاتی**: هەر کەسێک شەهید بووبێت لە ئەنجامی کارە جەنگییەکان یان کارە تیرۆرستییەکان یان کۆچپێکردنی بە زۆرە ملێ یان لەکاتی کۆچرەوە ملیۆنییەکەی گەلی کوردستان یان کۆچپێکردنەکانی تر .

**چوارەم**: **خانەوادەی شەهید و ئەنفالکراو**: هاوسەر یان هاوسەرەکان یان کوڕ و کچ و دایک و باوک و برا و خوشکی لە یەک دایک و باوک (أشقاء) و برا و خوشکی لە یەک دایک و باوک نا (غیر أشقاء) و هەر کەسێکی تر کە بە بڕیارێکی دادگەریی بسەلمێنێت کەوا کەسی شەهید یان ئەنفالکراو بەخێوی دەکرد یان ئەو بەخێوکەری شەهید یان ئەنفالکراوەکە بووبێت .

**ماددەی (٢)**

**یەکەم**: مینحەی (کەسوکاری شەهیدی سەنگەر) بە (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار مانگانە دەست پێدەکات .

**دووەم**: پلەبەندی مینحەی (کەسوکاری شەهیدی سەنگەر) بە ڕێنمایی لەلایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و وەزیری دارایی و ئابووری بەهاوبەشی وەزیرە پەیوەندیدارەکان دیاری دەکرێت بەپێی تایبەتمەندی .

**سێیەم**: مینحەی (کەسوکاری شەهیدی جینۆسایدکراو) ئەوانەی لە (١) یەک تا (٣) سێ شەهیدیان هەیە بە (٤٥٠،٠٠٠)چوار سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە بۆ هەر خێزانێک دیاری دەکرێت .

**چوارەم**: مینحەی (کەسوکاری شەهیدی جینۆسایدکراو) ئەوانەی لە (٣) سێ شەهید زیاتریان هەیە بە (٩٠٠،٠٠٠) نۆ سەد هەزار دینار مانگانە بۆ هەر خێزانێک دیاری دەکرێت .

**پێنجەم**: مینحەی (کەسوکاری شەهیدی هاوولاتی) بە (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە دیاری دەکرێت .

**شەشەم**: وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیرانی (دارایی و ئابووری ، تەندروستی) ڕێنماییەک دەردەکات بۆ دیاریکردنی مافی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی ، کەتیایدا ڕێژەی بەرکەوتنیان و مینحەکەیان دیاری دەکرێت .

**حەوتەم**: بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی ئەگەر بەکاریگەری بەرکەوتەییەکەی کۆچی دوایی بکات ، بە (شەهیدی جینۆساید) تۆمار دەکرێت .

**ماددەی (٣)**

**یەکەم**: شەهیدانی هێزەکانی (پێشمەرگە ، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ، ئاسایش ، دژە تیرۆر) لەکاتی گواستنەوەی دۆسیەکانیان بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەپێی بڕوانامەی (دوا مووچە و دەرماڵە)یان شایستەی دارایی لەکاتی خزمەت بە کەسوکاریان دەدرێت ، و هەمان ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدی سەنگەریان دەبێت بەپێی یاسا بەرکارەکان .

**دووەم**: شەهیدانی تیرۆری فەرمانبەران وەک شەهیدی سەنگەر تۆمار دەکرێن و دۆسیەکانیان دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەپێی بڕوانامەی (دوا مووچە و دەرماڵە)یان شایستەی دارایی لەکاتی خزمەت بە کەسوکاریان دەدرێت .

**سێیەم:** بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە حوکمەکانی هەردوو ماددەی (دووەم) و (سێیەم) لە یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە ( ڕێزلێنانی پێشمەرگە (زێرەڤانی) هەرێمی کوردستان – عێراق) دەیانگرێتەوە ، لەکاتی کۆچی دواییان هەمان مووچەی پێشوو و ئیمتیازاتی شەهیدی سەنگەر دەدرێت بە کەسوکاریان تاوەکو دەرکردنی یاسایەی تایبەت بە دەستنیشانکردنی پلە و ئیمتیازاتیان .

**چوارەم:** بۆ مەبەستی ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم ماددەیە ، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەتوانێت بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیری تایبەتمەند ڕێنمایی پێویست دەربکات.

**ماددەی (٤)**

پێدانی بەخششی هاوسەرگیری تەنها بۆ یەکجار و بەبڕی (١،٠٠٠،٠٠٠)یەک ملیۆن دینار بۆ کچ و کوری شەهیدانی سەنگەر و جینۆسایدکراو ، بەپێی بارودۆخی دارایی .

**ماددەی (٥)**

نابێت جێبەجێکردنی مادده و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە پابەندیی دارایی لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری زیاد بکات.

**ماددەی (٦)**

**یەکەم:** هەڵوەشانەوەی پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ تایبەت بە دیاریکردنی مووچەی شەهیدان .

**دووەم**: ئەم پەیڕەوە لەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم پەیڕەوە**

بەمەبەستی ڕێکخستنەوە و یەکخستنی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ، ئەم پەیڕەوە دەرچووێندرا.

**وەزارەتی سامانەسروشتییەکان**

**ژمارە : ٦٦١٥ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٢**

بەپشت بەستن بە حوکمی ماددەکانی (هەشت و نۆ) و بڕگەی (شەشەم) لە ماددەی (چل) و ماددەی (شەست) لەیاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**ڕێنمایی تایبەت بەمۆڵەتدان و کارکردنی پاڵاوتگەی نەوت**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە:

- **هەرێم**: هەرێمی کوردستان-عێراق.
- **وەزارەت**: وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق.
- **وەزیر**: وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق.
- **نەوتی خاو**: ئاوێتەیەکی هایدرۆکاربۆنی شلە کە لەژێر زەویدا هەیەو دەتوانرێت دەربهێنرێت و پوخت بکرێت.
- **پاڵاوتگە**: هەر کارگەیەك بەهەر قەبارەیەك کەتێیدا نەوتی خاو عەمبار بکرێت و لەرێگای یەکەی پێشەسازی بپاڵێورێت بۆ بەرهەمەکانی هایدروکاربۆنی وەک بەنزین،دیزل، نەوتی سپی، نەوتی ڕەش و هتد.
- **بەڕێوەبەری جێبەجێکار**: کەسێکی گونجاو و خاوەن شارەزایی کەبەرپرسیار دەبێت لەبەڕێوەبردنی پاڵاوتگە، بەڕەزامەندی پێشوەختی وەزارەت.
- **لیژنەی پێداچوون**: لیژنەیەک کە لە بڕگەی چواردەیەمی ئەم ڕێنماییە ئاماژەی پێکراوە.
- **لیژنەی بەدوواداچوون**: لیژنەیەک کە پێک دێت لە کەسانی پسپۆڕ لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، و لەلایەن وەزیرەوە پێکدەهێنرێت.

**ماددەی (٢):**

وەزارەت بەهیچ شێوەیەک بەرپرسیار نابێت لە دابین کردنی نەوت و کەرەستەی خاو بۆ پاڵاوتگەکان.

**ماددەی (٣):**

بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادرێت بەپاڵاوتگە بازرگانی بە نەوتی خاو یان ئەو بەرهەمە نەوتییانە بکات کە لە پاڵاوتگەکەدا بەرهەم نەهێنرابێت.

**ماددەی (٤):**

پاڵاوتگە سەربەست دەبێت لەچۆنییەتی فرۆشتن و دانانی نرخی بەرهەمەکانی بە ئاگادارکردنەوەی وەزارەت. وەزارەت ئەولەوییەتی دەبێت لە کڕینی بەرهەمەکانی پاڵاوتگە لە کاتی پێویستدا.

**ماددەی (٥):**

تەرخانکردنی زەوی پێویست بۆ دروستکردنی پاڵاوتگە بەپێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە دەبێت، و ناکرێت جگە لە پاڵاوتنی نەوت بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکاربهێنرێت.

**ماددەی (٦):**

پاڵاوتگە بەرپرسیار دەبێت لە دابین کردنی ووزەی کارەبای پێویست بۆ پاڵاوتگە و دامەزراندنی یەکەی کارەبای پەیوەندیدار بەم مەبەستە بەپێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییانە.

**ماددەی (٧):**

پاڵاوتگە دەبێت پابەند بێت بە کارکردن بەپێی پێوەری جیهانی پیشەسازی (API) و مەرجەکانی سەلامەتی و پاراستنی ژینگەی ئەم ڕێنماییانە.

**ماددەی (٨):**

کوالێتی بەرهەمەکانی پاڵاوتگە نابێت لە ئاستی دیاریکراو لەپێوەری عێراقی یان (Euro 4) کەمتر بێت.

**ماددەی (٩):**

به مەبەستی سەیرکردن و پێداچوونەوەو پێدانی ڕەزامەندی بەداواکاری مۆڵەت، لیژنەیەکی پێداچوونەوە لەناوخۆی وەزارەتدا پێکدەهێنرێت لەلایەن وەزیرەوە ، و ئەنجامی پێداچوونەوەکەیان بەداواکاری مۆڵەتی دروستکردنی پاڵاوتگە ئاڕاستەی وەزیر دەکرێت.

**ماددەی (١٠):**

وەزیری سامانە سروشتییەکان بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی لیژنەی بەدواداچوون و پاش وەرگرتنی لاری نەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان مافی پێدان یان پێنەدانی مۆڵەتی پاڵاوتگەی دەبێت ، بەداواکاری مۆڵەت ودەبێت لە ماوەی دوو مانگدا وەڵامی داواکاری مۆڵەتەکە بدرێتەوەو لە باری رازی نەبووندا دەبێت هۆکاری رازی نەبوون روون بکرێتەوە.

**ماددەی (١١): مەرجەکانی تایبەت بەپێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندن و کارکردنی پاڵاوتگە**

**یەکەم**: مەرجەکانی داواکردنی مۆڵەت بۆ دامەزراندن و ڕێکارەکانی بەکارخستنی پاڵاوتگە

١- داواکاری مۆڵەت بۆ دامەزراندنی هەر پاڵاوتگەیەک لەڕێی فۆڕمی تایبەت دەبێت کە پێشکەش دەکرێت بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

٢- جیا لەفۆرمی تایبەت هەر داواکارییەك دەبێ بەلایەنی کەم بەسێ (٣) کۆپی پێشکەش بەوەزارەت بکرێت کەخوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی ووردی پاڵاوتگەی تێدابێت ، بە مەرجێك ئەم لایەنە سەرەکییانە لەخۆ بگرێت:

أ- نەخشەسازی و تەکنەلۆجیای پێشنیارکراو بەپێی مەرجە تەکنیکییەکانی ئەم ڕێنماییە دەبێت.

ب- لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری بەپێی مەرجەکانی ئابووری ئەم ڕێنماییە بێت.

ت- دەبێت بەڕێوەبەری جێبەجێکار پاڵاوتگەکە بەڵگەی پەسەندکراوی فەرمی سەلمێنەری کاری لەپێشینەی پێشکەش بکات، کەوا لەبەکارخستن و بەڕێوەبردنی پاڵاوتگە بە قەبارەی زیاتر لە (٢٥٠٠٠) بەرمیل لە رۆژێکدا، کاری کردووە.

ث- دەرخستن و روونکردنەوەی راستەقینەیی بۆ چۆنییەتی دابینکردنی کەرەستە خاوەکان و دیاریکردنی سەرچاوەکەی بۆ پڕۆژەکەو ، هەروەها دەستنیشانکردنی خەسڵەتەکانی لەڕووی کوالێتییەوە.

ج- مادده بەرهەمێنراوەکان وکوالێتییەکەی دەبێت بەپێی مەرجە تەکنیکییەکانی ئەم ڕێنماییە بێت.

ح- دەبێت نەخشەسازی ئەندازیاری و دڵنیابوون لەکوالێتی کەرەستەکان و بەکارخستنیان بەپێی پێوەری جیهانی (API) بێت لەڕووی سەلامەتی و ژینگەییەوە.

**دووەم**: ماوەی مۆڵەت و رسوماتی پەیوەست بە مۆڵەتدان

١- ماوەی مۆڵەت بۆ پێنج (٥) ساڵ دەبێت لە ڕۆژی یەکەمی کارکردنی پاڵاوتگەکە هەژمار دەکرێت، بەڵام درێژکردنەوەی مۆڵەت لەڕێی فۆڕمێکی جیاوازەوە دەبێت کە پێشکەش بەوەزارەت دەکرێت.

٢- بڕی (١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد دۆلاری ئەمریکی وەك رسوماتی کارگێڕی وەردەگیرێت.

٣- لە ئەگەری پێدانی ڕەزامەندی مۆڵەت بەداواکار ، ئەوا بڕی (١٢٠،٠٠٠) سەدو بیست هەزار دۆلاری ئەمریکی بۆ پاڵاوتگەی گەورە سەرەوەی (٥٠٠٠٠) بەرمیل لە رۆژێکدا ، وبڕی (٨٠،٠٠٠) هەشتا هەزار دۆلاری ئەمریکی بۆ پاڵاوتگەی بچووك (٣٠٠٠٠-٥٠٠٠٠ ) بەرمیل لە رۆژێکدا وەك رەسمی پێدانی مۆڵەت وەردەگیرێت.

٤- هەر دوو بڕە پارەی کە لەبڕگەی (٢) و (٣) لە سەرەوە دیاریکراوە بە پسوولەی (٣٧ أ) وەردەگیرێت و دەخرێتەسەر حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق.

٥- پێویستە پێش وەرگرتنی مۆڵەت ، بڕی (٣٠٠،٠٠٠ $) بۆ پاڵاوتگەی گەورە و بڕی (٢٠٠،٠٠٠$) بۆ پاڵاوتگەی بچووك وەك دڵنیایی دابنرێت لەحسابی بانکی دەستنیشانکراو لە لایەن وەزارەتەوە ئەم بڕە پارەیە دەتوانرێت لەلایەن خاوەن مۆڵەت وەربگیرێتەوە پاش تەواوبوونی مۆڵەت وجێبەجێکردنی مەرجەکان ولابردنی پاڵاوتگەکە بەتەواوی.

**سێیەم**: مەرجەکانی زەوی وشوێنی پاڵاوتگە:

١-خاوەن پرۆژەی پاڵاوتگە ئەگەر زەوی موڵکی خۆی هەبوو و رووبەرەکەشی گونجاو و لەباربوو ئەوا دەتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ دروستکردنی پاڵاوتگە.

٢- پاش وەرگرتنی رەزامەندی لەسەر داواکاری دروستکردنی پاڵاوتگەکە ، وەزارەت بە نووسراو داوا لە وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو دەکات تاوەکو پارچە زەوییەکی بەردەڵان دابین بکات کە گونجاو بێت لەگەڵ نەخشەسازی و قەبارەی بەرهەمی پاڵاوتگەکە.

٣- داواکار ئەگەر خۆی لە شوێنێکی دیاریکراو پارچە زەوییەکی گونجاوی بەردەڵانی دەستنیشانکرد ئەوا دەتوانێت ڕێکارەکان بەشێوەیەکی پێچەوانەیی بۆ بەدەستخستنی پارچە زەوییەکە بکات و پاشان وەزارەت راو سەرنج و ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەردەگرێت.

٤- زەوی دەستنیشانکراو بۆ پرۆژەکە دەبێت دوور بێت لە کێڵگە نەوتی وگازییەکان و بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت و گازەوە بەدووری (١٠)کم چوارگۆشە لە ئێستادا ، و لە زەوییە پلان بۆ دانراوەکاندا.

٥- ئەو پارچە زەوییەی تەرخان دەکرێت بۆ پرۆژەکە نابێت هیچ بەربەستێکی یاسایی هەبێت بۆ بەدەستهێنان وبەکارهێنانی و بەڵگەی پەیوەست ولاری نەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش بەوەزارەت بکرێت.

٦- هەر زیادەڕۆییەك بە نایاسایی دادەنرێت و داواکار جیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی یاسایی بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ مافی داواکردنی مۆڵەتی نابێت.

٧- زەوی دەستنیشانکراو بۆ پرۆژە دەبێت بەلایەنی کەم (٥)کم لە هەر شوێنێکی نیشتەجێ بوون وەك پارێزگاو شارو شارەدێ دووربێت. ئەو پاڵاوتگەیانەی ئێستا کاردەکەن و ئەم مەرجەیان تێدانییە دەبێت پابەندبن بەکارکردن بەپێی پێوەری ئەمریکی ساڵی ٢٠١٨ (EPA Clean Air Act 2018)

٨- زەوی دەستنیشانکراو بۆ پاڵاوتگە نابێت تێکهەڵچوون هەبێت لەگەڵ هیچ پرۆژەیەکی دیکە کە لەلایەن هەر وەزارەتێکی تری حکومەتەوە پلانی بۆ دانرابێت لە ماوەی (١٠) ساڵدا.

٩- قیرتاوکردن یان کۆنکریت کردنی گۆڕەپانی ناو پاڵاوتگە بۆ کۆنترۆلکردنی تەپ و تۆز وهەروەها ژێر تانکییەکانی کۆگا کردن بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕژان یان دزەکردنی سووتەمەنی بۆ ناو زەوی.

١٠- بەمەبەستی بەدەستخستنی زەوی لەهەر دۆخێکدا دەبێت لاری نەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگیرێت.

**چوارەم**: مەرجە ئابوورییەکانی پێدانی مۆڵەت

١- پێشکەشکردنی پاکانەی باج لەلایەن داواکارەوە بۆ سێ ساڵی ڕابردوو.

٢- پێشکەشکردنی کارتی لێهاتوویی کە وەکو بەڵگەی سەڵمێنەری توانای دارایی داواکار بێت بۆ دامەزراندنی پاڵاوتگە.(Credit Proficiency)

٣- پێشکەشکردنی کۆی گشتی و سەرچاوەی سەرمایە بۆ دامەزراندنی پاڵاوتگە.

٤- داواکاری مۆڵەت پێشینەی دارایی پاک بێت وهیچ تاوانێکی دارایی ئەنجام نەدابێت.

٥- پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری کە پیشان بدات کەوا پاڵاوتگەکە چەند سوود یان قازانجی دەبیت.(Economical Feasibility ).

٦- پێشکەشکردنی پلانی چۆنێتی بەبازاڕکردنی بەرهەمە نەوتییە پاڵێوراوەکان بەشێوەیەکی زانستی و تەندرووست بەگوێرەی پێوەرە باوەڕپێکراوە جیهانییەکان.

**ماددەی (١٢): مەرجە تەکنیکییەکانی پێدانی مۆڵەت:**

**یەکەم: نەخشەسازی و ئاستی بەرهەمهێنان وپێوەری بەرهەمەکانی پاڵاوتگە:**

١- تەکنۆلۆجیای پێشنیارکراو نوێ و جێگیر بێت لەئاستی جیهانیداو شیاوی دامەزراندن وکارپێکردن بێت لەکوردستانداو هەروەها دەبێت بەرزترین ڕێژەی بەنزین و دیزڵ بەرهەم بهێنێت لە ڕێگای بەکارهێنانی ریفۆرمەرو بە شێوەیەک کە ڕێژەی بەرهەمە قورسەکان وەک نەوتی ڕەش لە (٢٥٪ )دا تێنەپەرێت.

٢- پاڵاوتگە دەبێت بەلایەنی کەمەوە بتوانێت (٣٠٠٠٠) بەرمیل نەوتی خاو لە ڕۆژێکدا بپاڵێوێت لە رووی نەخشەسازی و درووستکردن و توانای بەرهەمێنانییەوە ، بەڵام بەرهەمهێنانی رۆژانەی بەگوێرەی ئەو بڕە ماددە خاوەیە کەدەستی دەکەوێت. ئەو پاڵاوتگانەی ئاستی پاڵاوتنیان لە رێژەی دیاریکراو کەمتر بێت مۆڵەتییان پێنادرێت و ئەوەشی ئێستا لە کاردا بێت دەبێت خۆیان لەگەڵ ئەم مەرجەدا بگونجێنن یان ئەوەتا دەبێت دابخرێن.

٣- چۆنێتی دابینکردنی کەرەستە خاوەکان بۆ پڕۆژەکە و هەروەها دیاری کردنی خەسڵەتەکانی لەڕووی کواڵیتییەوە بەپێی نەخشەسازی پاڵاوتگە بێت و یەکەکانی پێویست بە پاڵاوتنی جۆری نەوتی خاو لە نەخشەسازی پاڵاوتگەکەدا هەبێت.

٤- کواڵیتی و جۆری بەرهەمەکان بەپێی ستانداردی عێراقی یان (Euro 4) بێت. ئەم مەرجە دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ ئاستێکی بەرزتر لەسەر پێشنیاری لیژنەی پێداچوون و رەزامەندی وەزیری سامانە سروشتییەکان.

٥- نەخشەسازی ئەندازیاری و دڵنیابوون لەکواڵیتیی، وکەرەستەکان و بەکارخستنیان لەڕووی پاراستنی ژینگەو سەلامەتییەوە دەبێت بە بەڵگە بسەلمێنرێت.

٦- تاوەری دووکەڵ: دەبێت ستوونی دووکەڵ بە شێوەیەکی ئەندازەیی نەخشەسازی بۆ بکرێت لە لایەن تیمی ئەندازیاری تایبەتمەند بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پەیڕەوی ئەم مەرجانەی خوارەوە بکرێت:

أ- بەرزی تاوەری دووکەڵ

ب- تیرەی تاوەری دووکەڵ.

ت- ئاراستەی با

ث- دووری تاوەر لە یەکەکانی پاڵاوتگە.

٧- تاقیگە: دەبێت هۆڵێکی تایبەت بە شوێنی پشکنینی بەرهەمە نەوتییەکان ئامادە بکرێت، کە هەموو مەرجەکانی تاقیگەی تێدابێت لە ڕووی نەخشەسازی و سەلامەتییەوەو هەروەها دەبێت هەموو ئەو ئامێرانەی کە بۆ پشکنینی بەرهەمەکان بەکار دەهێندرێت بوونیان هەبێت و بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییە باوەڕپێکراوەکان بێت.

٨- بەشی میکانیك: پێویستە ئەم بەشە وەرشەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ چاککردنەوەی ئەو ئامێرانەی کە لە پاڵاوتگەدا لە کار دەکەون یان چاککردنەوەی ئەو ئامێرانەی کە توانایان کەم دەبێت بەهۆی بەردەوامی بەکارهێنانیان ئەمەش بە پێی نەخشەسازی ڕووبەری پاڵاوتگە دەبێت.

٩- بەشی ئامێرە ووردەکان: پێویستە ئەم بەشە وەرشەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ چاککردنەوەی ئەو ئامێرە ووردانەی کە بە ژووری کۆنترۆڵ دەبەسترێنەوە، چونکە هەموو ئەو ئامێرانەی لە ناو پاڵاوتگە کار دەکەن دەبێت بە ژووری کۆنترۆڵەوە بەسترابێتەوە.

١٠- ژووری کۆنترۆڵ: ئەم ژوورە بەشی نێت وۆرکی پاڵاوتگەیە کە هەموو ئامێرەکانی ناو پاڵاوتگە بە کۆمپیوتەر دەبەسترێت.

١١- بەشی کارەبا: دابین کردنی کارەبا لە ئەستۆی خاوەن پڕۆژەکە دەبیێت، وپێویستە بۆ ئەم بەشە وەرشەیەکی تایبەت دابنرێت بۆ چاککردنەوەی هەموو ئامێرە کارەباییەکانی ناو پاڵاوتگە لەگەڵ ئەو بزوێنەرانەی کە کارەبا بەرهەم دەهێنن.

١٢- بەشی بارکردن و بەتاڵ کردن: لەم بەشەدا پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە پەیڕەو بکرێت:-

أ- بوونی کارمەندی پشکنین.

ب- بوونی کارمەندی تایبەت بەسەلامەتی وئاگرکوژێنەوە بۆ پشکنینی تانکەری گواستنەوی نەوتی خاوو بەرهەمەکانی.

ت- دەبێت تەنها یەك دەرگای چوونە ژوورەوەو هاتنەدەرەوە هەبێت.

١٣- پێویستە هەر تانکەرێکی گواستنەوەی نەوتی خاوو بەرهەمەکانی کە لە پاڵاوتگە دەردەچێت پرۆتۆکۆلی بۆ بکرێت هەروەها ئەو تانکەرانەی کە دەچنە ژوورەوە بۆ بەتاڵکردن دەبێت سەرچاوەو خەسڵەتەکانیان لەسەر پڕۆتۆکۆڵەکە دیاری بکرێت ،و هەروەها دەبێت لە ڕاپۆرتی ڕۆژانە و مانگانەو ساڵانەی پاڵاوتگە دیاری بکرێت.

**دووەم**: مەرجەکانی تانکیی عەمبارکردن:

١- تانکیی عەمبارکردنی ماددە هایدرۆکاربۆنییەکان دەبێت بە شێوەی پێوەری نێودەوڵەتی درووست بکرێت و گونجاو بێت لە گەڵ جۆری ئەو ماددەیەی تێیدا عەمباردەکرێت.

٢- کۆی گشتی قەبارەی تانکییەکانی عەمبارکردن بۆ بەرهەمەکانی هایدرۆکاربۆنی نابێت کەمتر بێت لە کۆی گشتی بەرهەمهێنانی پاڵاوتگە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ.

٣- کۆی گشتی قەبارەی عەمباری ماددە هیدرۆکاربۆنیەکان وماددە کیمیاوییەکان پێویستە بەشێوەیەك بێت کە بەشی (٣٠) سی ڕۆژی بەرهەمهێنان بکات.

٤- دیواری کۆنکریتی بە چوار دەوری تانکییەکانی عەمبارکردندا درووست بکرێت بەشێوەیەك کە توانای لە خۆگرتنی قەبارەی تانکیەکەی هەبێت لەکاتی ڕووداوی نەخوازراو یان لیك کردن. هەروەها دەرگای هەبێت بە مەبەستی چوونەژوورەوەو هاتنەدەرەوە.

٥- هەر تانکییەك دەبێت زەمینەی جیاوازی هەبێت بۆ خاڵیکردنی تەزووی کارەبای زیانبەخش و بنکەی کارەبایی جودای بۆ کرابێت.

٦- بە مەبەستی خاوێنکردنەوەی ناوەوەی تانکی عەمبارکردن دەبێت خاڵی کرابێت لەهەموو ئەو ماددانەی کە مەترسییان هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ، وهەروەها دەبێت ڕێژەی گازەکان تیایدا دیاری بکرێت بە مەبەستی سەلامەتی لەکاتی چوونە ناوەوەی تانکییەکەو دەبێت دەرچەکانی هەواو پایپەکانی کراوە بن، وهەروەها هەموو کەرەستەکانی سەلامەتی بەکار بهێنرێت.

٧- دەبێت مەرجەکانی سەلامەتی پەیڕەو بکرێت لە کاتی سەرکەوتن بۆ سەربانی تانکییەکان.

٨- لەکاتی چوونە ژوورەوە بۆ ناو تانکییەکان، ئەگەر ڕێژەی گاز لە (٠,٠٥%) زیاتر بێت دەبێت ماسك بەکاربهێنرێت، وهەروەها ئەو کەرەستانەی کە بۆ هەر مەبەستێك بەکاردەهێنرێت دەبێت کڵپە دروست نەکات و بە پێی پێوەری بەریتانی (٢٢٩) یان بە پێی پێوەری ئەمریکی بێت.

٩- نابێت هیچ جۆرە پاشماوەیەکی تانکییەکان عەمبارکردن فڕێ بدرێت و دەبێت بە پێی ڕێنمایی ژینگە پارێزی چارەسەر بکرێت.

١٠- پێش بەکارهێنانی تانکییەکانی عەمبارکردن دەبێت کێلە (کالیبرێت) بکرێت کە بەپێی پێوەرە جیهانییەکان بێت و قبوڵ کراو بێت لەلایەن وەزارەتەوە.

١١- هەموو ئامێرەکانی پێوانەکردن دەبێت بەپێی پێوەرە جیهانییەکان بێت و بەئامادەبوونی نوێنەری وەزارەت کێلە (کالیبرێت) بکرێت و ریکۆردی کێلەکان (کالبریشن) هەڵبگیرێت.

١٢- نەخشەسازی ودرووست کردن و تێکستی هەموو تانکییەکی عەمبارکردن دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ جۆری بەرهەمی دیاریکراوو نابێت بۆ مەبەستی تر بەکار بهێنرێت.

١٣- شوێنی تانکییەکانی عەمبارکردن دەبێت بەلایەنی کەم (٤٥ م) لە یەکەکانی پاڵاوتگەوە دوور بێت و ڕووبەرەکەشی هێندەی (١,٥) جار تیرەی تانکییەکە بێت.

١٤- لەکاتی بوونی زیاتر لە تانکییەکی عەمبارکردن دەبێت تانکییەکان بەئەندازەی ڕووبەری تانکییەکان لەیەکترەوە دوورن.

**سێیەم**: مەرجەکانی ئامێرە پاڵەپەستۆدارەکان:

١-هەر ئامێرێك یان تانکییەك کە پەستانی بەرز یان نزمی هەبێت دەبێت بە پێی پێوەرە جیهانییەکان لەکەرەستەی باش و کواڵیتی بەرز بەشێوەیەك درووست کرابێت کەوا بەرگەی ئەو پاڵەپەستۆ بەرزە بگرێت.

٢- هەموو ئامێرە پاڵەپەستۆدارەکان دەبێت بەشێوەیەکی ڕێکخراو تاقیکردنەوەی بۆ بکرێت وئەنجامی تاقیکردنەوەکانیش تۆماربکرێت.

٣- هیتەری نەوت دەبێت (١٨) مانگ پاش یەکەم بەکارهێنان تاقیکردنەوەی بۆ بکرێت و پاش ئەم ماوەیە بە شێوەیەکی ڕێکخراو هەر (٣) مانگ جارێك تاقیکردنەوەی بۆ بکرێت.

٤- هەموو کۆمپرێسەرێکی هەوا دەبێت ڕۆژانە لە ئاو بەتاڵ بکرێت، لەکاتی بەردەست نەبوونی بەشی ناوەوەی کۆمپرێسەر دەبێت هەر مانگێك جارێك تاقیکردنەوەی بۆ بکرێت و دەبێت ئەنجامەکانیش تۆمار بکرێت.

٥- جیاکەرەوەکانی گاز دەبێت تاقیکردنەوەیان بۆ ئەنجامبدرێت لەکاتی پێویستدا، بەڵام نابێت ماوەکەی لە (١٨) مانگ تێپەڕببێت.

٦- پێویستە ڤاڵڤەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە تاقیکردنەوەی گونجاویان بۆ ئەنجامبدرێت بەشێوەیەکی ڕێکخراوو لەکاتی پێویستدا، بەڵام بە لایەنی کەمەوە دەبێت یەکجار لە ماوەی ( ١٨) مانگدا ئەنجام بدرێت.

٧- هەموو ئامێرێکی پاڵەپەستۆ دەبێت پێوەری پاڵەپەستۆی تایبەتی خۆی هەبێت ولەسەرووی (١٠%)ی پاڵەپەستۆی پرۆسەکە کار نەکات.

٨- هەموو پایپەکان کە پاڵەپەستۆیان تێدایە دەبێت بە پێیی پێوەرە جیهانییەکان درووست کرابن و تاقیکردنەوەیان بۆ ئەنجامبدرێت پێش بەکارهێنانیان.

٩- هەموو ئامێرەکانی ناو پاڵاوتگەکە دەبێت بەشێوەیەکی ڕێکخراو پشکنینیان بۆ ئەنجامبدرێت وئەنجامی پشکنینەکەش تۆمار بکرێت و لەبەردەست بێت لەکاتی داواکردنی لە لایەن وەزارەتەوە.

١٠- لە کاتی هەبوونی هەر کێشەیەك لە ناو پاڵاوتگەکە، دەبێت ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل ڕادەستی وەزارەت بکرێت و تیایدا قەبارەو جۆری کێشەکە روونکرابێتەوە لەگەڵ ئەو زیانانەی بە پاڵاوتگەکەی گەیاندووە.

**ماددەی** (١٣): شێوازی بەڕێوەبردنی پاڵاوتگە و چاودێری کردنی لە لایەن وەزارەتەوە:

**یەکەم**- بەڕێوەبردنی پاڵاوتگە و هەماهەنگی کردن لە گەڵ وەزارەتدا:

دەستنیشان کردنی بەڕێوبەرێکی جێبەجێکار بۆ پاڵاوتگە کە بەرپرسیار دەبێت لە جێبەجێکردن و چاودێری هەموو ماددەکانی ڕێنمایی تایبەت بەمۆڵەتدان،وەهەروەها بەڕێوەبەری جێبەجێکار دەبێت لە لایەن وەزارەتەوە ڕەزامەندی وەربگرێت پێش دەست بەکاربوون.

١- بەڕێوەبەری جێبەجێکار دەبێت کارمەندی لێهاتوو بە مەبەستی چاودێری یەکە جیاوازەکانی پاڵاوتگە دابمەزرێنێت وڕاپۆرتێك لەسەر شارەزایی وتوانای ئەو کارمەندانە بدات بەوەزارەت.

٢- بەڕێوەبەری پاڵاوتگە بەرپرسیار دەبێت لەمەشق پێکردن و ڕاهێنانی پێویست بە چۆنییەتی کارکردن، سەلامەتی،ئاگر کوژێنەوەو سەرجەم بوارەکانی تری و هەروەها دڵنیابوون لەوەی کە هەموو کارمەندانی پاڵاوتگە ئەم مەشق و ڕاهێنانەیان پێکراوەو بڕوانامەی تایبەتییان وەرگرتووە لە لایەنێکی باوەڕپێکراوەوە.

٣- بەڕێوەبەر بەرپرسیار دەبێت لە هەر کارێك لە ناو پاڵاوتگەدا کە بەپێی پێوەرە جیهانییەکان نەبێت هەتا ئەگەر لەم ڕێنماییە ئاماژەیان پێ نەدرابێت.

٤- دەبێت ڕێژەی (٧٥%) کارمەندانی پاڵاوتگەکە خەڵکی هەرێمی کوردستان بن، و هەروەها پلانی زیادکردنی ئەم ڕێژەیە لە لێکۆڵینەوەی پێشکەشکراو هەبێت. بەپێچەوانەوە بەڕێوەبەری جێبەجێکار بەرپرسیار دەبێت و ماوەی مۆڵەتی بۆ درێژ ناکرێتەوە ئەگەر یەکەم جار مۆڵەتی وەرگرتبێت.

٥- وەزارەت بەڕێوەبەرێکی گشتی دیاری دەکات بەمەبەستی چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانی پاڵاوتگە.

**دووەم**- شێوازی چاودێریکردنی پاڵاوتگە لە لایەن وەزارەتەوە:

١- دەبێت ڕاپۆرتی ڕۆژانەو مانگانەو ساڵانە لەلایەن بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پاڵاوتگە پێشکەشی وەزارەت بکرێت.

٢- لەماوەی (١٠) ڕۆژ دوای تەواوبوونی هەر مانگێك، بەڕێوەبەری پاڵاوتگە دەبێت ڕاپۆرتی مانگانە پێشکەش بە وەزارەت بکات و تیایدا ئەم خاڵانە ڕوون بکرێتەوە:

أ- بڕو قەبارەو کواڵیتی و ئەنجامی پشکنینی نەوتی خاوو گاز یان هەر ماددەیەکی هایدرۆکاربۆنی کە لەپاڵاوتگە بەکارهێنراوەو لەناو ڕاپۆرتەکانی ڕۆژانەو مانگانەو ساڵانەدا هەبێت وهاوپێچ کرابێت.

ب- پێشکەش کردنی بەڵگەی ڕاستەقینەی تایبەت بەدیاریکردنی سەرچاوەی بەدەستهێنانی بڕی کەرەستەی خاوی هایدرۆکاربۆنی (نەوتی خاو) یان هەر ماددەیەکی تر.

ت- دیاری کردنی بڕی ماددەی نا هایدرۆکاربۆنی بەکار هێنراو لە پاڵاوتگە.

ث- داهاتی مانگانە.

ج- ڕاپۆرتێك لە سەر ڕووداوە گرنگەکان، تەکنیکی بێت یان نا تەکنیکییەکان

ح- ڕاپۆرت لە سەر هەر کوژاندنەوەیەك بەمەبەستی چاکردنەوە یان گۆڕانکارییەك ئەنجامدرابێت.

٣- (٢٠) ڕۆژ پاش تێپەربوون بە سەر هەر ساڵێکی کارکردن دەبێت ڕاپۆرتی ساڵانە بدرێت بە وەزارەت.

٤- وەزارەت مافی ئەوەی هەیە هەر کاتێك داوای تۆمارەکان، داتاکان، بەڵگەکان و دۆسیەکان بکات و بەڕێوبەری پاڵاوتگە دەبێت لە ماوەی (٦) ڕۆژ پێشکەشی بکات.

٥- هەموو داتاو، دۆسێ و، زانیاری و بەڵگەکانی پاڵاوتگە دەبێت بۆ ماوەی (٥) ساڵ ئەرشیف بکرێت.

**ماددەی (١٤)**: مەرجەکانی داخستن، گۆڕین یان زیادکردنی یەکە لە پاڵاوتگەدا

١- بۆداخستنی ئەو پاڵاوتگەی کە مۆڵەتی فەرمی هەیە، دەبێت داوایەك پێشکەش بەوەزارەت بکرێت و دوای وەرگرتنی رەزامەندی، دەبێت چارەنووسی کەلو پەلەکانی پاڵاوتگەکە دیاری بکرێت و شوێنی پاڵاوتگە پاك بکرێتەوە لە هەر جۆرە پاشماوەیەك بەشێوەیەك کە گونجاو بێت لە گەڵ مەرج وپێوەرەکانی دەستەی پاراستنی سەلامەتی و ژینگە، هەموو ئەمانە بەڕەزامەندی و ئاگاداری وەزارەت دەبێت.

٢- داواکاری بۆ گۆڕانکاری یان زیادکردنی یەکە لە پاڵاوتگە، بە مەبەستی زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان دەبێت لەڕێی فۆرمێکی دیاریکراوەوە پێشکەشی وەزارەت بکرێت.

٣- هەموو گۆڕانکارییەك کە بەمەبەستی فراوانکردن یان بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان بێت، دەبێت پێشوەخت ڕەزامەندی وەزارەت وەربگرێت و بڕی پارە بەپێی قەبارەی گۆڕانکارییەکە دیاردەکرێت و دەبێت لەلایەن هەڵگری مۆڵەتەوە بدرێت.

**ماددەی (١٥)**: مەرجەکانی سەلامەتی

**یەکەم**: مەرجەکانی سەلامەتی ئاگرکەوتنەوە:

١- بەڕێوبەری جێبەجێکاری پاڵاوتگە دەبێت کەسێکی شارەزاو خاوەن ئەزموون بەمەبەستی چاودێری و جێبەجێ کردنی ڕێنمایی تایبەت بەپاراستن لەئاگرکەوتنەوەو تەقینەوە دەستنیشان بکات.

٢- پاڵاوتگە دەبێت کەرەستەو ئامێری گونجاوی ئاگر کوژێنەوەی هەبێت بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن و کوژاندنەوەی هەر جۆرە ئاگرێك یان تەقینەوەیەك لە ئەگەری ڕوودانی لە ناو پاڵاوتگەکەدا.

٣- پاڵاوتگە دەبێت هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ نزیکترین یەکەی بەرگری شارستانیداو ئاگاداریان بکاتەوە لە جۆری چالاکییەکانی ناو پاڵاوتگەکەو پێداویستییەکانی کۆنترۆڵکردن لەکاتی ڕوودانی ئاگر یان تەقینەوەدا.

٤- هەموو کەرەستەکانی ئاگر کوژێنەوە دەبێت بەشێوەکی ڕێکخراو پشکنینیان بۆ بکرێت. ڕێکەوتی دوایین پشکنین دەبێت لە سەر ئامێرەکان چاپ بکرێت و تۆمارێک هەبێت بۆ ژمارەی پشکنینەکان.

٥- هەموو کارمەندانی ناو سنووری پاڵاوتگەکە دەبێت مەشق و ڕاهێنانی تایبەتییان بەئاگرکەوتنەوە کوژاندنەوە ئەنجام دابێت وبڕوانامەی تایبەتییان لەو بوارەدا لە لایەنێکی باوەڕپێکراوەوە وەرگرتبێت پێش دەست بەکاربوونیان لە پاڵاوتگەکە.

٦- ڕێنماییەکانی تایبەت بە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە کاتی ڕوودانی ئاگرکەوتنەوەدا، دەبێت لە ناو هەموو یەکە جیاوازەکانی پاڵاوتگە هەڵواسرابێت و کارمەندان یان هەر سەرەدانکەرێکی لێ ئاگاداربکرێتەوە.

٧- ڕێگای گەیشتن بە یەکە جیاوازەکانی ناو پاڵاوتگە دەبێت خاڵی بێت لە هەر جۆرە بەربەستێك بۆ ئۆتومبێلی بەرگری شارستانی بۆ کوژاندنەوی ئاگر بە خێرایی لەکاتی ئاگرکەوتنەوە یان ڕوودانی تەقینەوەدا.

٨- جگەرەکێشان و هەڵگرتنی هەر جۆرە ئامێرێك کە مەترسی ئاگرکەوتنەوەی لێ بکرێت لە ناو پاڵاوتگە قەدەغە دەبێت، جیا لەشوێنی تایبەت ودیاریکراو.

٩- لە کاتی ڕوودانی ئاگرکەوتنەوەدا دەبێت یەکەی بەرگری شارستانی بە زووترین کات ئاگادار بکرێتەوە. زانیاری لەکاتی ڕووداوەکە و ئاگادار کردنەوەی بەرگری شارستانیش تۆماربکرێت.

١٠-پێویستە وریاکەرەوەی ئاگرکەوتنەوەو تەقینەوەی نەخوازراو لەهەموو نووسینگەکان و لەناو سنووری پاڵاوتگەکەدا دابنرێت و بەشێوەیەکی ڕێکخراو پشکنینیان بۆ بکرێت بەمەبەستی دڵنیابوون لەکارکردنیان.

**دووەم**: هێماکانی هۆشداری و ڕێنمایی تایبەت بەخودی پاڵاوتگەکان:

١- لە هەموو شوێنێکدا کە جگەرەکێشان قەدەغەکراوە دەبێت هێمای جگەرە نەکێشانی تێدا هەڵواسرابێت.

٢- هێماکانی هۆشداری بۆ هەر مەبەستێك دەبێت بە ئاسانی ببینرێت و ڕوون بێت و هەڵواسرابێت، وهێمای نەچوونە ژوورەوەی کەسانی ڕێگەپێنەدراو دەبێت لە تەلبەند یان دیواری جیاکەرەوەی سنووری پاڵاوتگە هەڵواسرابێت.

٣- لە سەر هەموو کەرەستە کیمیاوییەکان دەبێت هێماکانی تایبەت بە مەترسی ئەم کەرەستانە هەبێت و دەبێت ڕوون ئاشکرا بێت.

٤- کارکردن لە سەر هەر یەکەیەك یان ئامێرێك بەبێ تەواوکردنی ڕاهێنانی تایبەت بە کارکردن لە سەر ئامێرەکە یان بەبێ چاودێری کەسی شارەزا قەدەغەیە و لە ئەگەری ڕوودانی هەر ڕووداوێکی نەخوازراودا بەڕێوەبەر بەرپرسیار دەبێت.

٥- دەرکردنی ڕێنمایی لەلایەن پاڵاوتگەوە تایبەت بە چۆنییەتی هەڵسوکەوت کردن لەکاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێکدا دەبێت بەڕەزامەندی وەزارەت بێت و سەرجەم کارمەندانی پاڵاوتگەکەش ڕاهێنانی لەسەر بکەن.

٦- پێش ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەك لە ناو پاڵاوگە دەبێت هەڵسەنگاندنی مەترسی (Risk Assessment) بکرێت و کارمەندانی تایبەت بە پرۆسەکە لێی ئاگادار بکرێنەوە.

**سێیەم**: جلو بەرگ و کەرەستەی سەلامەتی

١- بەڕێـوەبەری پـاڵاوتگە دەبێـت جلـو بـەرگ، ماسـك، چاویلکـەی سـەلامەتی، کڵاوی سـەلامەتی و هەموو کەرەستەکانی تری تایبەت بەسەلامەتی کارکردن بۆ کارمەندان دابین بکات.

٢- بەڕێوبەری پاڵاوتگە بەرپرسیار دەبێت لە دڵنیابوون لە بەکارهێنانی کەرەسـتەکانی سـەلامەتی لە کاتی کارکردن لە ناو پاڵاوتگەدا.

٣- دوشی سەلامەتی و دوشی چاو دەبێت لە شوێنە سـتراتیژیەکانی پـاڵاوتگە دابنرێـت کە ئەگـەری کەوتنە ژێر کاریگەری کەرەستەی کیمیاوی هەیە.

٤- هەر ئامێرێك یان یەکەیەکی ناو پاڵاوتگە لە ژێر پاڵەپەستۆی بەرزتربێت لەوەی کە پێویستە یـان بەشێکی جوڵاوی هەبێت دەبێت تەلبەندی بۆ بکرێت تا ڕێگری بکات لە بەرکەوتنی ڕاسـتەوخۆ لە کاتی ڕووداوی نەخوازراودا.

**چوارەم**: تەندروستی و فریاگوزاری سەرەتایی

١- دەبێت بنکەیەکی تەندرووستی و فریاگوزاری سەرەتایی لەناو پاڵاوتگەکەدا دابنرێت وکارمەندی پزیشـکی بە شـێوەیەکی هەمیشـەیی تیایـدا کاربکات،وهـەروەها دەبێـت بنکـە تەندروسـتییەکە ئەمبوڵانسی تایبەت بەخۆی هەبێت، لەگەڵ هەموو کەرەستەکانی فریاگوزاری سەرەتایی.

٢- سندوقی فریاگوزاری سـەرەتایی لە هـەموو نووسـینگەو شـوێنە جیاوازەکـانی نـاو پـاڵاوتگەکەدا دابنرێت وکارمەندانیش لەو شوێنانە ئاگادار بکرێنەوە.

**پێنجەم**: هەر رووداێکی نەخوازراو

١- هەر ڕووداوێك کە ڕوو دەدات لە ناو سنووری پاڵاوتگەکەو ئەگەری گیان لە دەستدان یـان برینـدار بوونی لێبکەوێتەوە دەبێت بکرێت بەراپۆرت و وەزارەت و بنکەی پۆلیسی لێ ئاگاداربکرێتەوە.

٢- هـەموو ڕووداوە نـەخوازروەکان دەبێـت تۆمـار بکـرێن و زانیـارییە پێویسـتەکانی سـەبارەت بـەو ڕووداوانە تۆمار بکرێن وهەڵبگیرێت.

٣- خـاوەن و سـەرجەم کارمەنـدانی پـاڵاوتگەکە دەبێـت هاوکـاری تـەواوی لێکۆڵینـەوەکان بـکەن بـۆ دەرخستنی ڕاستی ڕووداوەکان لە ئەگەر رووودانیاندا.

**ماددەی (١٦)**: مەرجەکانی پاراستنی ژینگە

**یەکەم**: ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی

بەڕێـوەبەری جێبەجێکـاری پـاڵاوتگەکە بەپێـی ڕێنمـایی ژمـارە (١)ی سـاڵی (٢٠١٣)ی دەسـتەی ژیـنگە، پۆلێنکردنی پڕۆژەکان لەڕووی پیسکردنی ژینگەوە پێویستە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی بۆ پاڵاوتگە بکات بەر لە دەسـتپێکردنی پـڕۆژەکەو پێشکەشـی دەسـتەی پاراسـتن و چـاکردنی ژینگـەی بکات، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر گونجاوی شوێنی پاڵاوتگەکە بەپێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە.

**دووەم**: پێداویستییەکانی چارەسەرکردنی پاشماوەو دەرهاویشتەکان

١- دامەزراندنی وێستگەیەکی چارەسەری فیزیاوی و کیمیاوی و بایۆلۆجی بۆ ئاوی پیس کە توانایەکی باشی هەبێت بۆ کەمکردنەوەی خەستی هەموو پیسکەرەکانی ناو ئاو بەجۆرێك بگونجێت لە گەڵ سیستەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو بە گوێرەی پێوانە ژینگەییەکان کە دەسەڵاتی ژینگەیی دەری دەکات.

٢- دووبارە بەکارهێنانی ئاوی چارەسەرکراو (ریسایکلینگ) بەبەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای گونجاو بەپێی پێوەری جیهانی.

٣- دانانی ئامێری پشکنینی هەوا بۆ زانینی برو جۆری دەرهاویشتەکان (Nox,H2S,Cox,SOx,VOCs) لەناو پاڵاوتگەکەدا.

٤- چارەسەرکردنی دەرهاویشتە گازییەکان بۆ بەرگە هەوا بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ خەسڵەتی هەوا کە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١١) لە لایەن دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەوە دەرچووە.

٥- کۆنترۆڵکردنی ژاوەژاو بە پێی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١) کە لە لایەن دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەوە دەرچووە.

٦- دانانی سیستەمی جیاکردنەوەی پاشماوە رەقە مەترسیدارەکان کە لەئەنجامی پرۆسەی بەرهەمهێنان و وێستگەی چارەسەری ئاوەڕۆکان درووست دەبێت، بە شێوەیەکی درووست لەڕووی ژینگەییەوە بەڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان یان لە ڕێگای کۆمپانیای تایبەتمەند بەچارەسەرکردن پاشماوە رەقە مەترسیدارەکان.

٧- دابینکردنی تاقیگەیەکی تەواوکار بۆ پشکنینی ئاوە پیشەسازییەکان دوای چارەسەرکردنیان بۆ دڵنیابوون و گونجانیان لەگەڵ پێوەرە ژینگەییەکاندا.

٨- لە کاتی ڕژانی سوتوەمەنی پێویستە ماددەی تایبەت (کە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ڕەزامەندی لەسەر هەبێت) بەکار بهێندرێت بۆ چاککردنەوەی پاشماوەی ڕژاوی سووتەمەنییەکان.

**سێیەم**: کەرەستە کیمیاوییە قەدەغەکراوەکان:

١- لیستی کەرەستە کیمیاوییەکان کە لەپاڵاوتگەکەدا بەکار دەهێنرێت دەبێت لەڕووی سەلامەتی ژینگەییەوە گونجاوبێت و ڕەزامەندی وەزارەت و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی لەسەر درابێت.

٢- لیستی کەرەستە کیمیاوییەکان کە بە مەبەستی تێکەڵکردن لە ناو بەرهەمەکان بە کاردێت دەبێت لە ناو لیستی کەرەستە کیمیاوییە قەدەغەکراوەکان نەبێت بە پێی ستانداردی ئەورووپی.

٣- کەرەستە کیمیاوییەکان کە بە مەبەستی بەرزکردنی کوالێتی بەرهەمەکان بە کار دەهێنرێت نابێت قورقوشمیان تێدا بێت و بۆ کەرەستەی دیکە دەبێت لە لایەن وەزارەتەوە ڕەزامەندی وەربگیرێت.

٤- جۆر و قەبارەی کەرەستەی کیمیاوی کەهاوردە دەکرێت دەبێت پێشوەخت رەزامەندی وەزارەت وەرگیرابێت، هەر پابەند نەبوونێك بەم ڕێنماییە وەك سەرپێچی هەژمار دەکرێت وخاوەن پاڵاوتگە دووچاری بەرپرسیارێتی یاسایی و سزا دەبێتەوە.

٥- دابینکردنی پێداویستییەکانی دڵنیایی وتایبەت بە کۆنترۆڵکردنی هەر ڕووداوێکی لەناکاو کەدەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی کەرەستە کیماویی و پیسکردنی ژینگە.

**چوارەم**: رووبەری سەوزایی

ڕێژەی سەوزایی لە (٢٥%)ی ڕووبەری پاڵاوتگە کەمتر نەبێت. چاندنی دوو ڕێز داری هەمیشە سەوز لە چوار دەوری پاڵاوتگەکەو هەروەها چاندنی دار لە هەردوو بەری شەقامە ناوخۆییەکاندا.

**ماددەی (١٧)**: مەرجە یاساییەکان و پاراستنی ئاسایش

**یەکەم**: روونی و دیار بوونی سەرچاوەی سەرجەم کەرەستەی بەکارهاتوو لەپاڵاوتگەکەدا

١- هێنانی کەلوپەلی پێویست لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەبێت دیاری بکرێت بە لیست وبە نووسراوی فەرمی پاڵاوتگەکەو رەزامەندی وەزارەتی لەسەر وەربگیرێت.

٢- پێویستە هەر پاڵاوتگەیەک کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دروست کرابێت و هاوردەکرابوو، ئەوا دەبێت گشت نووسراوەکانی تایبەت بەکڕین و وێنەی ڕەسەنی لەلایەن داواکاری مۆڵەت پێشکەش بکرێت لە کاتی وەرگرتنی ڕەزامەندی لەلایەن وەزارەتەوە لەو شوێنەی کە کڕاوە دەبێت پەسندکرابێت بە مەبەستی دڵنیابوون کەوا بەشێوەیەکی یاسایی کڕاوەو ئەگەر پاڵاوتگەکە لە هەرێمی کوردستان درووست کرابێت بەهەمان شێوە بە بەڵگە بسەلمێندرێت.

**دووەم**: شوێنی پاڵاوتگە لە ڕووی یاساییەوە:

١- درووست کردنی دیوارێکی ڕێکوپێك یان تەلبەندکردنی چواردەوری پاڵاوگەکە کە بەرزییەکەی لە (٢) دوو مەتر کەمتر نەبێت بە شێوەیەك کە ڕێگر بێت لە هاتنە ناوەوەی کەس و ئۆتۆمبیلی ڕێگەپێنەدراوو ئاژەڵی کێوی.

٢- دەرگای تایبەت هەبێت بە مەبەستی چوونە ژوورەو هاتنەدەرەوە کە بەئاگاداری کارمەندی پاسەوانی تایبەت بێت .(security)

٣- دانانی کامێرای چاودێری لە پاڵاوتگەکەو مانگانە بە (سی دی) و (فلاش میمۆری) ئەو تۆمارە ڕەوانەی وەزارەت بکرێت بەمەبەستی پێداچوونەوەیان و دەبێت پاڵاوتگەکە هەڵیان بگرێت بۆ ماوەی شەش ساڵ تا لەکاتی پێویستدا سوودی لێ وەربگیرێت.

٤- دانانی گشت کارمەندەکان و پاسەوانی تایبەت بۆ پاڵاوگەکان دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی لەسەر هەبێت.

**ماددەی (١٨)**: سەرپێچی و سزاکان

١- دامەزراندنی هەر پاڵاوتگەیەک بە بێ مۆڵەت دوای ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بە تاوان هەژمار دەکرێت و ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی دەبێتەوە.

٢- هەر پاڵاوتگەیەک کە ئێستا بوونی هەیە مافی کار کردنی نابێت هەتا ئەم رێنماییە جێبەجێ نەکات، لە ماوەی دیاریکراودا کە لە سێ (٣) مانگ تێپەڕنەبێت لە ڕۆژی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانەوە. پاڵاوتگە مافی کار کردنی دەبێت پاش وەرگرتنی مۆڵەت. لەدەسەڵاتی وەزیردایە کە لە هەلومەرجی تایبەتدا ئەم ماوەیە درێژبکاتەوە بە شێوەیەك لە (٦) مانگ تێپەرنەکات.

٣- لە کاتی هەبوونی هەر سەرپێچییەك لێژنەیەك لە لایەنە پەیوەندیدارەکان پێك دەهێندرێت بۆ مەبەستی بەدوواداچوون. لە ئەگەری هەبوونی سەرپێچی بڕی (١٠٠،٠٠٠$) وەك پێبژاردن دیاریدەکرێت و خاوەن پاڵاوتگە یەکەم هۆشداری بۆ دەردەچێت.

٤- لە دۆخی دووبارە بوونەوەی سەرپێچییەکان، سەرەڕای وەرگرتنی پێبژاردن کە لە بڕگەی سەرەوە هاتووە مۆڵەتی کارکردنیش لە کارگە وەردەگیرێتەوە.

٥- ئەگەر هەر سەرپێچییەك ڕووداوی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە وەك گیان لە دەستدان، بریندار بوون، پیس بوونی ژینگە، سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت دەبێت قەرەبووی زیانەکان بکاتەوە و سەرجەم ڕێکارە یاساییەکان لەبەرامبەردا دەگیرێتەبەر.

٦- هەر سەرپێچییەک بە پابەندبوون بە مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە دەبێتە هۆی سزادان بە پێی ئەم ڕێنماییە یان هەر سزایەک کە لە لایەن لیژنەی بەدواداچوون پێشنیار دەکرێت.

**ئەحکامی کۆتایی**

**ماددەی (١٩)**: وەزارەت دەتوانێت بە ڕێگەی هاوبەشی کردن لەگەڵ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەری ناوخۆیی و بیانی پاڵاوتگە دروست بکات بەپێی ئەم رێنماییە.

**ماددەی (٢٠)**: وەبەرهێنەری بیانی هەمان مامەڵەی وەبەرهێنەری ناوخۆیی لەگەڵدا دەکرێت سەبارەت بە حوکمەکانی ئەم رێنماییە.

**ماددەی (٢١)**: وەزیری سامانە سرووشتییەکان بەپشت بەستن بەڕاسپاردەکانی لیژنەی بەدواداچووندا، دەتوانێت مۆڵەتدان بەدرووستکردنی پاڵاوتگە رابگرێت.

**ماددەی (٢٢)**: کار بە هیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم رێنماییە.

**ماددەی (٢٣)**: ئەم ڕێنماییە جێبەجێدەکرێت لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزیری سامانە سروشتییەکان بە وەکالەت**

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەمەبەستی هاندانی کەرتی تایبەت بۆ پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەشدار بوونیان لە ئاوادانکردنەوەی ژێرخانی پیشەسازی لە ڕێگای بەشدار بوون و وەبەرهێنان لە چالاکی پاڵاوتنی نەوت بە شێوازێکی سەردەمییانە کە سەلامەتی هاوولاتیان و ژینگەی کوردستان بپارێزێت،و رەخساندنی هەلی کاری زیاترو، زیاتر کردنی بەرهەمە نەوتییەکان و پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆیی، ئەم رێنماییەمان دەرچواند.

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٢٠٦٣٤ لە ٢٠٢٠/١٢/١٠**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٢٠**

**ڕێنمایی دیاری کردنی جل و بەرگ و شێوەی پلەی چەشنەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پێوانە و هێما و نیشانەکانی پلە**

**ماددەی (١): - پێناسەکان**

١- **وەزارەت**:- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- **وەزیر**: وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

٣- **هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**:- ئەفسەر و کارمەندان لە سەر میلاکی بەرێوبەرایەتییە گشتییەکانی پۆلیس، هاتووچۆ، ڕەگەزنامە، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، زێرەڤانی، بەرگری و فریاکەوتن، نەوت و گاز، دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆ.

**ماددەی (٢):**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستن و یەکخستنی شێوازی پۆشینی جل و بەرگی سەربازی بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، هەروەها ڕێکخستنی شێوازی هەڵگرتنی پلەی سەربازی.

**ماددەی (٣):**

جل و بەرگی چەشنەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە بۆنە فەرمییەکان بە جل و بەرگێك دەبێت کە پێك دێت لە مانەی خوارەوە:

١- پانتۆڵی نیلی و چاکەتی نیلی و کراسی شین لەگەڵ ریباتی ڕەش و لەگەڵ (قاردون)ی زیوی کە (دوو تریشەی زیوی لەسەر دەبێت) هەڵدەگرێت هەر یەکێکیان جێگیر دەکرێت لەسەر پارچە قوماشێك لەسەر تەختە (بنیقە)ی ڕەنگ ڕەش ئەمانەی لای خوارەوەی لەسەر جێگیر کراوە:

أ- چڵە دارخورمایەکی (سعفە) بە درێژی (٤٠ ملم) چل ملیمتر بۆ ئەفسەر لە پلەی (فریق) یان (لیوا).

ب- شریتێکی خشتەکراو لە قامیشی ڕەنگ زیوی کە قۆپچەیەکی لەسەرەوەیە بە درێژی (٨ملم) هەشت ملیمتر بۆ ئەفسەر بە پلەی (عمید).

ت- شریتێکی خشتەکراو لە ئاوریشمی ڕەنگ زیوی بە درێژی (٨ملم) هەشت ملیمتر بۆ ئەفسەر بەپلەی (عقید).

٢- کاسکێتێکی ڕەنگ نیلی دەبێت و پێشەوەی ڕەنگی ڕەش دەبێت و دوو ڕیز لە قامیشی لەسەر ئەدورێت بەڕەنگی زیوی کە دروشمی هەرێمی کوردستان هەڵدەگرێت بۆ ئەفسەر بەپلەی (عمید) بۆ سەرەوە، و یەك چڵە زەیتون بۆ ئەفسەر بە پلەی (عقید و مقدم)، و بەبێ هیچ دورمانێك بۆ ئەفسەر بە پلەی (رائد) بەرەو خوارەوە.

**ماددەی (٤):** داپۆشینی سەر جگە لە بۆنە فەرمییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- بێریەی ڕەش کە دروشمی پۆلیسی لەسەر جێگیر کراوە بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٢- کاسکێتی نیلی کە دروشمی هەرێمی کوردستانی لەسەر جێگیرکراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ.

**ماددەی (٥):**

١- جل و بەرگی قوتابیانی کۆلێژی پۆلیس و پەیمانگاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- جل و بەرگی گۆڕەپانی نمایشگەی هاوینی ڕەنگی بیابانی وەك یەك دەبێت وپشتێنی ڕەش لەگەڵ بێریەی ڕەش لەگەڵ پۆستالی ڕەش.

ب- جل و بەرگی گۆڕەپانی نمایشگەی زستانی ڕەنگی خاکی تاریك (قەهوائی) وەك یەك و پشتێنی ڕەش لەگەڵ بێریەی ڕەش لەگەڵ پۆستالی ڕەش.

ت- جل و بەرگی ناوخۆیی هاوینی کەپێك دێت لەپانتوڵی ڕەنگ خاکی کراوە و کراسی سپی نیو قۆڵ لەگەڵ بێریەی ڕەش وپێڵاوی ڕەشی بەقەیتان.

پ- جل و بەرگی ناوخۆیی زستانی پێك دێت لە پانتوڵی ڕەنگ نیلی و کراسێکی ئاسمانی قۆڵ درێژ لەگەڵ بلوزێکی جیرسی نیلی و ریباتی ڕەش و پێڵاوی ڕەشی بەقەیتان.

٢- جل و بەرگی دابەزین پێك دێت لە پانتوڵی ڕەنگ نیلی لەگەڵ چاکەتی نیلی کە قۆپچەکانی زیوی بێت و دروشمی هەرێمی کوردستان هەڵبگرێت و کراسی شین لەگەڵ ریباتی ڕەش لەگەڵ (قاردون) زیویی و(داری کەشەخەیی) ڕەنگ ڕەش بەدرێژیی (٦٠سم) شەست سەنتیمەتر کە دەسکی زیوین بێت لەگەڵ کاسکێتی نیلی کە دروشمی هەرێمی کوردستانی لەسەر بێت لەگەڵ پێڵاوی ڕەشی بەقەیتان.

٣- لەسەر گیرفانی لای ڕاستی ئەو قاتانەی بەدەق هاتوون لە بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیە پارچەیەکی خۆناساندنی کانزایی دادەنرێت کە ڕەنگی زیوی دەبێت و دەورووبەری بە ڕەنگی زێرین دووراوە و بە ڕەنگی ڕەش ناوی قوتابی و ناوی ئەو کۆلێژ یان پەیمانگایەی لەسەر جێگیر دەکرێت کە وابەستەیەتی.

**ماددەی (٦):**

ڕەنگی پلەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سپی دەبێت و لەسەر پارچەیەك جێگیر دەکرێت لە هەمان ڕەنگی جل وبەرگەکە لەگەڵ ڕەچاوکردنی شێوەی هەر دوو پلەی (ڕێپێدراو) لەپلەی هەشت و (پۆلیس) بەپێی پاشکۆی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٧):**

لە بەرواری (١٥)ی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك جل و بەرگی زستانە دەپۆشرێت و لە بەرواری (١٥)ی نیسانی هەموو ساڵێك جل و بەرگی هاوینە دەپۆشرێت.

**ماددەی (٨):**

١- هەر ئەفسەرێك و کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارەیەکی تایبەتی خۆی دەبێت و لای ڕاستی ژمارەکە پیتێك دادەنرێت کە ئاماژە بەو شوێنە دەکات کە کاری لێ دەکات و دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بە بەیانێك ڕێك دەخرێت.

٢- نیشانەیەکی تەختی سپی و ڕەش لەسەری دەنووسرێت کە پلە و ناوی سیانی و ژمارەی ئەفسەر یان کارمەند تێدا دەبێت.

٣- ئەو نیشانەیە لە لای راستی سەرووی سینگی ئەفسەر یان کارمەند دەچەسپێنرێت.

٤- پێوانەی ئەم نیشانەیە (٩×٣) سم دەبێت.

٥- ژمارەی ئەفسەر یان کارمەند بە پیتێك و شەش خانەی ژمارە دەست پێ دەکات و لە لای راستەوە ژمارەکان دەست پێ دەکات و پیتەکە لە لای چەپی خانە ژمارەکان دادەنرێت و بە پیت و ژمارەی کوردی دەنووسرێت.

٦- ناوی پلەی ئەفسەر یان کارمەند و ناوەکەی بە زمانی کوردی بە شێوازی (یونیکود) و بە قەبارەی نووسینی (١٤) دەبێت.

٧- بۆ ئەفسەرانی فرۆکەوان باڵی فرۆکەوانی لەسەر لای چەپی گیرفانی قاتەکەی دەچەسپێندرێت و نیشانەکانی بڕگەکانی سەرەوە لە لای ڕاستی دەچەسپێندرێت.

## شێوازی جل و بەرگی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

**ماددەی (٩):** شێوازی پۆشینی جل و بەرگی سەربازی لە دام دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ:

**بارەگای وەزارەتی ناوخۆ:**

١- قاتێکی رەنگی ڕەش یان نیلی تۆخ بۆ ئەفسەران.

٢- قاتێکی رەنگی ڕەش یان نیلی تۆخ لە چاکێت و پانتۆل یان تەنوورە بۆ ئەفسەرانی ئافرەت.

٣- قاتێکی رەنگی رصاصی تۆخ بۆ کارمەندان.

٤- قاتێکی رەنگی قاوەیی (گوێزی) لە چاکێت و پانتۆل یان تەنوورە بۆ کارمەندانی ئافرەت.

**ماددەی (١٠):**

بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕەگەزنامە، پۆلیس، گشتی ناوخۆ، کۆلیژی پۆلیسی (٢،١)، دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (٢،١)، دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەم جل و بەرگانەی خوارەوە دەپۆشن:

١- **جل و بەرگی هاوینە**: قاتی خاکی، پێڵاوی ڕەش بە قەیتان، نیتاقی ڕەش لەگەڵ قاردۆنی سپی، گۆرەوی ڕەش، بێریەی ڕەش.

**٢- جل و بەرگی زستانە:** قاتی خاکی تۆخ، پێڵاوی ڕەش بە قەیتان، نیتاقی ڕەش لەگەڵ قاردۆنی سپی، گۆرەوی ڕەش، بێریەی ڕەش، قەمسەڵەی ڕەش یا خود پێست (جلد) بێت یان قوماش.

**ماددەی(١١):**

بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەڵگەی تاوانی هەرێم وپارێزگاکان ئەم جل وبەرگانەی خوارەوە دەپۆشن :

١- جل و بەرگی هاوینە:

أ- قاتی خاکی، پێڵاوی ڕەش بەقەیتان نیتاقی ڕەش گۆرەوی ڕەش،بێریەی ڕەش،قاردۆن بەکارنایەت.

ب- ئێلەگێکی ڕەنگی رەساسی لە کاتی دەرچوون بۆ ئەرك کە لەسەر پشتی ئێلەگەکە بە کوردی دەنووسرێت (پۆلیسی بەڵگە و تاوان).

٢- جل و بەرگی زستانە:

أ- قاتی خاکی تۆخ، پێڵاوی ڕەش بە قەیتان، نیتاقی ڕەش لەگەڵ قاردونی سپی، گۆرەوی ڕەش، بێریەی ڕەش، قاردۆن بەکار نایەت.

ب- قەمسەڵەی پێست (جلد) لەگەڵ ئێلەگێکی ڕەنگی رەساسی لە کاتی دەرچوون بۆ ئەرك کە لەسەر پشتی ئێلەگەکە بە کوردی دەنووسرێت (پۆلیسی بەڵگە و تاوان).

**ماددەی (١٢):**

بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی ئەم جل و بەرگانەی خوارەوە دەپۆشن:

١- جل و بەرگی هاوینە:

أ- **بۆ ئەفسەران:** قاتی نیلی، پێڵاوی ڕەش بە قەیتان، نیتاقی ڕەش لەگەڵ قاردۆنی سوور و سپی، گۆرەوی ڕەش، بێریەی ڕەش و لە کاتی کارکردن و ئاگرکوژاندنەوە رەنگی نیلی بە بێ قاردۆن لەگەڵ پووت (جزمە)ی تایبەتی پیاوی ئاگرکوژێنەوە لەگەڵ گشت پێداویستیەکانی خۆپاراستن لەگەڵ پۆشاکی پیاوی ئاگرکوژێنەوە دەبێت لە کاتی کارکردن.

ب- **بۆ ئەفسەرانی ئافرەت:** تەنوورە یان پانتولی نیلی، پێڵاوی ڕەشی فلات، گۆرەوی ڕەش لەگەڵ قاردۆنی سوور و سپی، نیتاقی ڕەش و بێریەی ڕەش.

ت- **بۆ کارمەندان:** قاتی شین، پێڵاوی ڕەش بە قەیتان، نیتاقی ڕەش، گۆرەوی ڕەش، بێریەی ڕەش، کاسکێتی نیلی کە ئارمی حکومەتی هەرێمی لەسەر بێت، قاتی کارکردن و ئاگرکوژاندنەوە رەنگی نیلی بەبێ قاردۆن لەگەڵ پووت (جزمە)ی تایبەتی پیاوی ئاگرکوژێنەوە لەگەڵ گشت پێداویستیەکانی خۆپاراستن لەگەڵ پۆشاکی پیاوی ئاگرکوژێنەوە دەبێت لە کاتی کارکردن.

پ- **بۆ کارمەندانی ئافرەت:** کراسی شین، پانتۆڵ یان تەنوورەی نیلی، پێڵاوی فلاتی قەیتان رەنگی ڕەش، نیتاقی ڕەش، گۆرەوی ڕەش، کاسکێتی نیلی و قاردونی سپی و سوور.

٢- جل و بەرگی زستانە: بە هەمان رەنگ و تایبەتمەندییەکانی جلی هاوینە لە خالی (١)ی سەرەوە دیاری کراون تەنها قوماش دەبێتە قوماشی زستانە و قەمسەڵەی رەنگی ڕەش پێست (جلد) یان قوماش بۆ ئەفسەران و بۆ کارمەندان قەمسەڵەی قوماشی نیلی.

**ماددەی (١٣):-**

بەرێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ ئەم جل و بەرگانەی خوارەوە دەپۆشن:

١- جل و بەرگی هاوینە: کراسی سپی، پێڵاوی ڕەش بە قەیتان ، قاردۆنی سپی و شین، گۆرەوی ڕەش، بێریەی ڕەش بۆ ئەفسەران و کاسکێتی نیلی بۆ کارمەندان.

٢- جل و بەرگی زستانە: کراسی سپی و قاتی نیلی و ریباتی ڕەش، پێڵاوی ڕەش بە قەیتان ، قاردۆنی سپی و شین، گۆرەوی ڕەش.

**ماددەی (١٤):**

یەکەی پاسەوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم جل و بەرگانەی خوارەوە دەپۆشن:

١- جل و بەرگی هاوینە: قاتی رەنگ بیابانی پەڵەدار بە رەنگی سەوزی کاڵ و گوێزی لەگەڵ پێڵاوی ڕەش، نیتاقی ڕەش و بێریەی ڕەش بۆ ئەفسەران و کاسکێتی رەنگی قاتەکە بۆ کارمەندان.

٢- جل و بەرگی زستانە: قاتی رەنگ بیابانی پەڵەدار بە رەنگی سەوزی کاڵ و گوێزی لەگەڵ پێڵاوی ڕەش، نیتاقی ڕەش و بێریەی ڕەش بۆ ئەفسەران و کاسکێتی رەنگی قاتەکە بۆ کارمەندان.

**ماددەی (١٥):**

بەشی پۆلیسی فریاکەوتن ئەم جل و بەرگانەی خوارەوە دەپۆشن:

١- جل و بەرگی هاوینە: قاتی رەنگ بیابانی پەڵەدار بە رەنگی سەوزی کاڵ و گوێزی لەگەڵ پوستاڵی خاکی، نیتاقی ڕەش و بێریەی ڕەش بۆ ئەفسەران و بۆ کارمەندان کاسکێتی رەنگی قاتەکە.

٢- جل و بەرگی زستانە: قاتی بە رەنگی بیابانی پەڵەدار بە رەنگی سەوزی کاڵ و گوێزی لەگەڵ پوستاڵی خاکی، نیتاقی ڕەش و بێریەی ڕەش بۆ ئەفسەران و بۆ کارمەندان کاسکێتی رەنگی قاتەکە.

**ماددەی (١٦):**

جل و بەرگ و پلە سەربازییەکانی هەر دوو فەرماندەی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن و بەرێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی دام و دەزگا نەوتییەکان بەو شێوازەی کە ئێستا هەیە دەمێنێتەوە .

**ماددەی (١٧):** بەشی پۆلیسی فرۆکەوانی ئەم جل و بەرگانەی خوارەوە دەپۆشن:

١- بە هەمان جل و بەرگی پۆلیسی هاتووچۆ بە هاوین و زستان.

٢- قاتی کاتەکانی فڕین یەك پارچە و بە رەنگی خاکی (قاتی فرۆکەوان).

**ماددەی (١٨):**

پەیمانگای بەرگری شارستانی ئەم جل و بەرگانەی خوارەوە دەپۆشن:

١- جل و بەرگی هاوینە: کراسی سپی و پانتوڵی ڕەش، پێڵاوی ڕەشی بە قەیتان، گۆرەوی ڕەش، ریباتی ڕەش، قاردۆنی ڕەش، بێریەی ڕەش.

٢- جل و بەرگی زستانە: بە هەمان شێوەی خالی (١)ی سەرەوە و قەمسەڵەی قوماشی ڕەش یان پێست (جلد).

٣- جل و بەرگی کاتی ئەرك هاوشێوەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرگری شارستانی دەبێت بۆ هاوینە و زستان.

**ماددەی (١٩):**

هەر ئەفسەرێك یان کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پابەند نەبێت بەجێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە بەپێی یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ سزا دەدرێت.

**ماددەی (٢٠):**

١- بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی تایبەتمەندی وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسیارن لە جێبەجێ کردنی دەقی ئەم ڕێنماییە و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکاران بەپێی ماددەی (نۆزدەیەم)ی ئەم ڕێنماییە.

٢- ڕاسپاردنی پۆلیسی ڕێکاری لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە و دەسەڵات دەدرێت بە ئەفسەری پۆلیسی ڕێکاری بە دەستگیرکردنی هەر کارمەندێك و دەستگیرکردنی هەر ئەفسەرێك لە پلەی خۆیدا یان خوارتر، و ڕادەستی فەرمانگەکەی خۆی بکات بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان و ئەو ئەفسەرانەی کە پلەیان بەرزترە لە پلەی ئەفسەری پۆلیسی ڕێکاری بە شێوەی ڕاپۆرت لە ڕێگای زنجیرەی پێداچوونەوە فەرمانگەکەی خۆی ئاگادار دەکرێتەوە.

**ماددەی (٢١):**

ئەم ڕێنمایە لە ڕۆژی دەرچوونی کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامە(وەقایعی کوردستان)بڵاو دەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**خشتەی ژمارە (١)**

**شێوە و پێوانەکانی پلەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و نیشانەکانی**

| ژ | پلە | نیشانە |
|---|---|---|
| ١ | فریق | دوو شمشێری یەکتربڕ کە لوگۆی حکومەتی عێراقی لەسەرەوە دەچەسپێندرێت و ئەستێرەیەکی پێنج لوتکەیی |
| ٢ | لیوا | دوو شمشێری یەکتربڕ کە لۆگۆی حکومەتی عێراقی لەسەرەوە دەچەسپێندرێت |
| ٣ | عمید | سێ ئەستێرەی پێنج لوتکەیی بە شێوەی سێ گووشە و بنکەکەی لێواری شان و لەسەریەوە لوگۆی حکومەتی عێراق دەچەسپێندرێت |
| ٤ | عقید | دوو ئەستێرەی پێنج لوتکەیی و لەسەریەوە لوگۆی حکومەتی عێراق دەچەسپێندرێت |
| ٥ | مقدم | ئەستێرەیەکی پێنج لوتکەیی و لەسەریەوە لوگۆی حکومەتی عێراق دەچەسپێندرێت |
| ٦ | رائد | لوگۆی حکومەتی عێراق دەچەسپێندرێت |
| ٧ | نقیب | سێ ئەستێرەی پێنج لوتکە |
| ٨ | میلازمی یەکەم | دوو ئەستێرەی پێنج لوتکە |
| ٩ | میلازمی دووەم | ئەستێرەیەکی پێنج لوتکە |
| ١٠ | ڕەنگی پلە و دروشمەکان | گشت پلە و درۆشمەکان بە ڕەنگی سپی دەبێت |

**خشتەی ژمارە (٢)**

**شێوە و پێوانەکانی پلەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و نیشانەکانی**

| ژ | پلە | نیشانە |
|---|---|---|
| ١ | ڕێپێدراو/١ | لۆگۆی حکومەتی عێراق لەسەر پارچە قوماشێکی ڕەش (بنیقە) |
| ٢ | ڕێپێدراو/٢ | سێ ئەستێرەی پێنج لوتکەیی و هێڵێکی کانزایی دەچەسپێندرێت سەر پارچە قوماشێکی ڕەش |
| ٣ | ڕێپێدراو/٣ | سێ ئەستێرەی پێنج لوتکەیی و هێڵێکی کانزایی دەچەسپێندرێت سەر پارچە قوماشێکی ڕەش |
| ٤ | ڕێپێدراو/٤ | دوو ئەستێرەی پێنج لوتکەیی و هێڵێکی کانزایی دەچەسپێندرێت سەر پارچە قوماشێکی ڕەش |
| ٥ | ڕێپێدراو/٥ | دوو ئەستێرەی پێنج لوتکەیی و هێڵێکی کانزایی دەچەسپێندرێت سەر پارچە قوماشێکی ڕەش |
| ٦ | ڕێپێدراو/٦ | ئەستێرەیەکی پێنج لوتکەیی و هێڵێکی کانزایی دەچەسپێندرێت سەر پارچە قوماشێکی ڕەش |
| ٧ | ڕێپێدراو/٧ | ئەستێرەیەکی پێنج لوتکەیی و هێڵێکی کانزایی دەچەسپێندرێت سەر پارچە قوماشێکی ڕەش |
| ٨ | ڕێپێدراو/٨ | پارچە قوماشێکی ڕەش |
| ٩ | پ.پ.٤ | چوار شریت |
| ١٠ | پ.پ.٣ | سێ شریت |
| ١١ | پ.پ.٢ | دوو شریت |
| ١٢ | پ.پ.١ | یەك شریت |
| ١٣ | پۆلیسی پیادە | پارچە قوماشێکی رەش چەسپێندراو لەسەر شان |
| ١٤ | ڕەنگی پلە و دروشمەکان | گشت پلە و درۆشمەکان بە ڕەنگی سپی دەبێت |

**جدول رقم (١)**

**اشكال و قياسات رتب صنوف قوى الامن الداخلي و شاراتها**

| ت | الرتبة | الشارة |
|---|---|---|
| ١ | فريق | سيفان متقاطعان يعلوهما شعار جمهورية العراق و يتوسطهما نجمة خماسية واحدة |
| ٢ | لواء | سيفان متقاطعان يعلوهما شعار جمهورية العراق |
| ٣ | عميد | ثلاث نجمات خماسية بشكل مثلث قاعدته في حافة الكتف يعلوها شعارجمهورية العراق |
| ٤ | عقيد | نجمتان خماسيتان يعلوهما شعار جمهورية العراق |
| ٥ | مقدم | نجمة خماسية يعلوها شعار جمهورية العراق |
| ٦ | رائد | شعار جمهورية العراق |
| ٧ | نقيب | ثلاث نجمات خماسية |
| ٨ | ملازم اول | نجمتان خماسيتان |
| ٩ | ملازم | نجمة خماسية واحدة |
| ١٠ | لون الرتب و العلامات | جميع الرتب و العلامات تكون باللون الأبيض |

**جدول رقم (٢)**

**اشكال و قياسات رتب صنوف قوى الامن الداخلي و شاراتها**

| ت | الرتبة | الشارة |
|---|---|---|
| ١ | مفوض درجة اولى | شعار جمهورية العراق يثبت على قطعة سوداء (البنيقة) |
| ٢ | مفوض درجة ثانية | ثلاث نجمات خماسية وخط معدني تثبت على قطعة سوداء |
| ٣ | مفوض درجة ثالثة | ثلاث نجمات خماسية تثبت على قطعة سوداء (البنيقة) |
| ٤ | مفوض درجة رابعة | نجمتان خماسيتان وخط معدني تثبت على قطعة سوداء (البنقية) |
| ٥ | مفوض درجة خامسة | نجمتان خماسيتان تثبت على قطعة سوداء (البنيقة) |
| ٦ | مفوض درجة سادسة | نجمة واحدة خماسية وخط معدني تثبت على قطعة سوداء (البنيقة) |
| ٧ | مفوض درجة سابعة | مفوض درجة سابعة نجمة واحدة خماسية تثبت على قطعة سوداء (البنيقة) |
| ٨ | مفوض درجة ثامنة | قطعة سوداء (البنيقة) |
| ٩ | رئيس عرفاء | اربعة اشرطة |
| ١٠ | عريف | ثلاثة اشرطة |
| ١١ | نائب عريف | شريطان |
| ١٢ | شرطي اول | شريط واحد |
| ١٣ | شرطي | قطعة سوداء مثبتة على الكتف |
| ١٤ | لون الرتب و العلامات | جميع الرتب و العلامات تكون باللون الأبيض |

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ٥٦٤٦ لە ٢٠٢٠/١١/١٧**

پاڵپشت بە ماددەی (٢) بڕگەی (٥) لەیاسای چاکسازی لەمووچە ودەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان وخانەنشینی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ و ماددەی (٧) ئاماژەپێکراو لە بەشی دووەم بڕگەی یەکەم لە پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی وە ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٨٢٩) لە ٢٠٢٠/١٠/٨ بڕیاردرا بە:-

## ڕێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٠
## تایبەت بە خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی

**یەکەم :** خزمەتگوزاری کرێی خوێندن تەنها بۆ (کچ ، کور ، هاوسەری شەهیدانی سەنگەر و جینۆساید ئەوەی هاوسەرگیری نەکردۆتەوە) لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان خەرج دەکرێت .

**دووەم :** (وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان) لەڕێگەی (وەزارەتی دارایی وئابووری)، بۆ هەر ساڵێکی خوێندن لە قوتابخانە وپەیمانگا وزانکۆ حکومی و تایبەتەکان کرێی خوێندن دەگرێتە ئەستۆ جگە لەو کورسیانەی خوێندن بەخۆرایی لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ی وەزارەتی پەروەردە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و تایبەتەکان بەپێی ئەم ڕێنماییە تەرخان دەکرێت ، وەک تەرخانکراوی تایبەتی ئەو دامەزراوانە ، لەم ڕێنماییە بەدەر دەبن .

**سێیەم :** پەیمانگا وزانکۆ حکومییەکان (٥) کورسی بەخۆرایی لە سەر ئاستی بەش لە خوێندنی ئێواران و خوێندنی پارالێل بۆ (کچ ، کور ، هاوسەری شەهیدانی سەنگەر و جینۆساید ئەوەی هاوسەرگیری نەکردۆتەوە) تەرخان دەکات لەسەر بنەمای پێشبرکێ لە نێوان خۆیان بەپێی ڕێنماییەکانی ناوەندی وەرگرتن ، وە (٢٥%) داشکان لە کرێی خوێندن دەکات بۆ ئەو قوتابیانەی بەر لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ -٢٠٢١) وەرگیراون و ئەوانەی لە دوای پێنج کورسی تەرخانکراوەکە وەردەگیرێن .

**چوارەم :** پەیمانگا و زانکۆ تایبەتەکان (٥) کورسی بەخۆرایی لە سەر ئاستی بەش بۆ (کچ ، کور ، هاوسەری شەهیدانی سەنگەر و جینۆساید ئەوەی هاوسەرگیری نەکردۆتەوە) تەرخان دەکات لەسەر بنەمای پێشبرکێ لە نێوان خۆیان بەپێی ڕێنماییەکانی ناوەندی وەرگرتن ، وە (٢٥%) داشکانی لە کرێی خوێندن دەکات بۆ ئەوانەی بەر لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ -٢٠٢١) وەرگیراون و ئەوانەی لە ساڵی نوێی خوێندن لە دوای پێنج کورسی تەرخانکراوەکە وەردەگیرێت .

**پێنجەم :** وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی (وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ) و (وەزارەتی پەروەردە)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت .

**شەشەم :** قوتابی و خوێندکار تەنها یەکجار بۆ هەر قۆناغیکی خوێندن سوودمەند دەبن ، ناکرێت بەهۆی ( دواخستن ، مۆڵەت ، گواستنەوە ، دەرنەچوون ) لە هەر قۆناغیکی خوێندن دووبارە کرێی خوێندنیان بۆ خەرج بکرێت .

**حەوتەم:** قوتابی و خوێندکار زیاتر لە جارێک سوودمەند نابێت لە کرێی خوێندن لە پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان ، تەنها لەحالەتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر کرێی خوێندنی بۆ خەرج دەکرێت .

**هەشتەم:** وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەرپرس نییە لەو خەرجییەی لەلایەن هەر قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆیەکەوە لە قوتابی و خوێندکار وەردەگیرێت لەبڕی تاقیکردنەوەی خولی دووەم .

**نۆیەم:** یەکەمەکانی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان کە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی ( وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژنەوەی زانستی ) و (وەزارەتی پەروەردە) لەکرێی خوێندن دەبەخشرێن ، کرێی خوێندنەکە دەگەرێتەوە بۆ قوتابی و خوێندکارە یەکەمەکان .

**دەیەم:** هەر قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆیەک خوێندنی بێ بەرامبەری بۆ کەس وکاری شەهیدان دابینکرد ، ئەگەر قوتابی و خوێندکارەکە یەکەم بوو وەک خاڵی نۆیەم مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .

**یازدەم:** زیندانی کراو و گیراوی سیاسی (ئەوەی مینحەی مانگانە وەردەگرێت) ، کرێی خوێندنی بۆ خەرج دەکرێت بۆ خۆی یان یەکێک لە منداڵەکانی بۆ یەکجار تەنها لەیەکێک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی پێنجەم ماددەی (٦) بەشی سێیەم لە یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی) هەموارکراو .

**دوانزدەم:** بەپشت بەستن بەبڕگەی (دووەم) لەماددەی (٧)ی پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەشێوەیەکی بەردەوام زانیاری تەواو و باوەڕپێکراو ئامادە دەکات بۆ هەماهەنگی کردن لە نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ داڕشتنی پلان و خەرجییەکانی ساڵانە .

**سێزدەم:** بەپشت بەستن بەبڕگەی (سێیەم) لەماددەی (٧)ی پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان هەماهەنگی دەکات لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی خەرجییەکان لە وەزارەتی دارایی وئابووری بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردن و خەرجییەکان .

**چواردەم:** پێشکەشکردنی پسوولەی خەرجی خوێندن لەدەستپێکی ساڵی خوێندن تا ماوەی شەش مانگ دەبێت .

**پازدەم:** کەس و کاری شەهیدان (دایک ، باوک ، هاوسەر ، کچ ، کوڕ ، خوشک ، برا ) لە کرێی پشکنین و چارەسەرکردن لە نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی حکومەت لەناو هەرێم دەبوردرێن .

**شانزدەم:** زیندانی کراو و گیراوی سیاسی (ئەوەی مینحەی مانگانە وەردەگرێت) حکومەت خەرجی چارەسەرکردنی خۆی لە نەخۆشخانە حکومییەکانی ناو هەرێم دابین دەکات ، لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی شەشەم ماددەی (٦) بەشی سێیەم لە یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١١ ( یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ) هەموارکراو .

**حەڤدەم:** بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی کە پێویستی بەچارەسەری بەردەوام هەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی دەفتەری تایبەت لە ڕێگەی (وەزارەتی تەندروستی) یەوە بەبێ بەرامبەر چارەسەر و دەرمانی بۆ دابین دەکرێت .

**هەژدەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/١) کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٥٩٢٢ لە ٢٠٢٠/١١/٢٥**

پاڵپشت بە ماددەی (١٢) لە پەیڕەوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە بە نووسراویان ژمارە (٤٤٩٤) لە ٢٠٢٠/٧/٢٩ بە دەستمان گەیشتووە تایبەت بە سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی حکومەت ئەم ڕێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد:-

## ڕێنمایی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٠
## تایبەت بە سندوقی خانەنشینی

**ماددە(١):-** سندوقی خانەنشینی فەرمانبەران لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت :-

**یەکەم:**

١- کۆکردنەوەی راگیراوی خانەنشینی ، کە ئەم ئەرك و بەرپرسیارەتییەی خوارەوەی هەیە :
کۆکردنەوەی ڕاگیراوی خانەنشینی لە هەموو فەرمانگەکانی حکومەت وە دانانی نیشانە (رموز) ی تایبەتی بۆیان لەگەڵ ژمارەی تایبەت بۆ فەرمانبەرانی حکومەت بە گشتی وە تەرخان کردنی دۆسیەی تایبەت بۆیان وە مسۆگەرکردن و دابینکردنی هەموو زانیارییەکان بە مەبەستی پاراستنی سیستەمی کۆکردنەوەی زانیاری و دابەشکردن ( نظام جمع البيانات و الاشتراكات ) بەپێی پرۆگرام و سیستەمی کۆمپیوتەری .

٢- تۆمارکردنی هەموو زانیارییەکانی تایبەت بە فەرمانگەکانی حکومەت هەروەها زانیارییە کەسییەکان (شخصی) وە زانیارییەکانی کار و وەزیفەکان وە بەڕێوەبردنیان و تازەکردنەوەیان بە ورد و دروستی .

**دووەم: بەشی داهات:-**

١- دیاریکردنی ئەو بڕە پارانەی کە پێویستە وەربگیرێن لە فەرمانگە حکومییەکان وە دیاریکردنی هەر کەم و زیادییەك لەو بڕە پارانەی کە ئامادەنە بدرێتە سندوق وەکو بەژداری حکومەت بە ڕێژەی (١٢%) دوازدە لەسەد بۆ حسابی سندوق لەگەڵ ئەو بڕەپارانەی کە لە خانەنشین و فەرمانبەران وەردەگیرێت بە پێی یاسا وە ئەو بڕەپارانەی کە لە ئەنجامی وەبەرهێنان سندوق دەستی دەکەوێت وە بەخشین و ئەو هاوکارییانەی کە لەلایەن دەرەوە و ناوەوەی هەرێم بە رەزامەندی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری تایبەتمەند دەدرێن بە سندوق هەروەها بەخشینی ساڵانە لەلایەن وەزیری دارایی لە کاتی دروستبوونی قەیرانی دارایی وە هەروەها ئەو بڕە پارانەی لە ئەنجامی سزا لەلایەن سندوق وەردەگیرێن.

٢- دەرکردنی ئیشعاری پێویست بۆ ئەو بڕە پارانەی ئیستحقاق بوونە وە تۆمارکردن و وەرگرتنی ئەو بڕە پارانەی کە هاتووە بۆحیسابی سندوق وە ئەوەی وەرگیراوە.

٣- دەکرێت ئەم بەشە بەپێی پێویست لە یەك هۆبە یاخود دوو هۆبە پێك بێت .
أ-تۆمارکردنی فەرمانگەکان و فەرمانبەران
ب. بەڕێوەبردنی زانیاری و داتاکان دەربارەی فەرمانبەران و فەرمانگەکان
ج- وە دەکرێ ئەم دوو هۆبەیە بکرێ بە یەك هۆبە .

**سێیەم/** دەکرێت هەردوو بەشی خاڵی یەکەم و دووەم لێك بدرێت وە بکرێت بە یەك بەش بە ناوی بەشی کۆکردنەوەی داهاتەکان وە بکرێت بە سێ هۆبە بە پێشنیاری ئەنجومەنی سندوق وە بەرەزامەندی وەزیری دارایی و ئابووری وە لە سێ هۆبەی خوارەوە پێك بهێندرێت:
١- کۆکردنەوەی راگیراوی خانەنشینی .
٢- بەرێوەبردنی داتا و زانیاریەکانی فەرمانگە و فەرمانبەران .
٣- تۆمارکردنی فەرمانگە و فەرمانبەران.

**چوارەم: أ/** بەشی لێکۆلینەوە و پلان دانانی دارایی و وەبەرهێنان کە ئەم ئەرك و بەرپرسیارتیەیان هەیە:-
١-پێشنیارکردن و ئامادەکردنی پروگرامی تایبەت بە ئەرکەکانی سندوق وە ئامادەکردنی سیستەمی تایبەت بە جێبە جێ کردنی سیاسەت و بەرنامەکانی وە پێشکەش کردنی پێشنیار دەربارەی سیاسەتی دابینکردنی دڵنیایی کۆمەڵایەتی (التأمین الاجتماعی ).
٢-ئامادەکردنی لێکۆلینەوە و پلانی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی و لێهاتووی سیستەمی کارگێری وە پەرەپێدانی وە هەروەها ئامادەکردن و رێکخستنی .
٣-کۆکردنەوەی ئامار و زانیاری دەربارەی کارەکانی سندوق و فەرمانبەرەکانی وە دیاریکردنی ئاستەکان لە رووی کارگێری و هونەری وە دانانی شێوە و چۆنیەتی کار و وەزیفەکانیان ( اوصاف العمل الوضیفی ) وە ئامادەکردنی راپۆرتی خولگەیی (الدوریە ) دەربارەی هەلکەوتەی هێزی کار وە بەرنامەکانی ڕاهێنانی تایبەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتووی سیستەمی کارگێری .
٤-دەرچواندنی رێبەرێك بۆ کاروبارە سەرەکییەکان ( دلیل المعاملات الرئیسیە) وە پێشنیارکردنی چارەسەری گونجاو بۆ ئاسانکردنی پیادەکردنی ئەو کاروبارانەوە چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە رێگری لە کارەکان دەکەن وە ئامادەکردنی ئاماری زانیارییەکان بە شێوەی وەرزی و ساڵانە .
٥-ئامادە کردنی لێکۆلینەوە و توێژینەوە هەروەها هەرچی پێشنیار هەیە کە پەیوەندیدارە بە وەبەرهێنانی دارایی سندوق هەروەها هەموو هەلەکانی (الفرص) وەبەرهێنان هەروەها بەڕێوەبردن و بەدواداچوونی وەبەرهێنراوەکانی سندوق وە بە ئاراستە کردنی چالاکییەکانی پلانی وەبەرهێنان تایبەت بە سندوق.

**ب/** دەکرێ ئەم بەشە لە م هۆبانەی خوارەوە پێك بێت:-
١-پلان و بەدواداچوون و ئامار
٢-لێکۆلینەوە و توێژینەوە.
٣-پلانی وەبەرهێنان .
٤-بەرێوەبردنی وەبەرهێنان و هەڵسەنگاندنی.

**پێنجەم: أ/** بەشی کارو باری دارایی کە ئەم ئەرك و بەرپرسیارییەتیەی هەیە:-
١- جێبەجێ کردنی هەموو کاروباری دارایی و ژمێریارییەکان تایبەت بە کارەکانی سندوق وە پێشنیار کردن و ئامادەکردنی بوودجەی خەمڵێنراوی سندوق وە مووچەی خانەنشینان و پاداشتەکانیان
٢- کردنەوە و رێکخستنی تۆماری (السجلات )دارایی و ژمێریاری و کاروباری کۆگا و ئەنجامدانی مطابقاتی پێویست وە بەڕێوەبردنی ئەژماری چالاکییەکانی وەبەرهێنانی سندوق
٣- رێکخستنی کاروباری تایبەت بە سرینەوە و فرۆشتن و لەناو بردن و بە کرێدان و دیارییەکانی (الاهداء) تایبەت بە داهاتەکانی ناو سندوق ( موجودات الصندوق ) وە هەروەوەها ئەنجامدانی بەدواداچوون دەربارەی پێدان و بەخشین (المنح و التبرعات) کە پێشکەش دەکرێن لەلایەنی تر بەپێی یاسا.

**ب/** ئەم بەشە لەم هۆبانەی خوارەوە پێکدێن:-
١- مووچە و کرێ (الرواتب و الاجور).
٢- بوودجە و تۆمارەکان.
٣- خەرجییەکان و سندوق و لێبرینەکان.
٤- ئەژمێری خانەنشینان و رێکخستنی چەکی پارە و ئەماناتی سندوق.
٥- کۆگا.

**شەشەم: أ/** ووردبینی و پشکنینی ناوخۆیی کە ئەم ئەرک و بەرپرسیارتیانەیان هەیە:
١-چاودێری کردنی جێبەجێ بوونی یاساکان و بنەما دارایی و ژمێرییەکان وە چارەسەکردنی هەڵە ژمێرییارییەکان و لادان لە یاسا وە وردبینی کردنی هەموو مافەکەوتە داراییەکان لە رووی یاسایی و دارایی و ژمێریاری پێش کردارەکانی خەرج کردن.
٢-پشت بەستن بە ئامرازە زانستییەکان لە چاودێری کردنی چالاکییەکانی سندوق لە رووی دارایی و ژمێریاری وە لە دواییدا بەرزکردنەوەی راپۆرتی پێویست لەسەر هەر زێدەرۆییەک و شکستیەکی ژمێریاری وە چۆنیەتی راستکردنەوەیان.
٣- پشکنینی دارایی و کارگێری لەسەر مولک و ماڵ و رەفتار و چالاکییەکانی سندوق وە چاودێری کردنی و جێبەجێ کردنی پلانی ساڵانەی بەشەکان وە بەدواداچوون و ئامادەکردنی راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی و چارەسەرکردنی تێبینیەکانی ناو راپۆرتەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشەکانی سندوق.

٤-وردبینی کردنی ئەو گرێبەستانەی کە کراون لەگەڵ لایەنی تر وە بەرزکردنەوەی راپۆرتی دەوری لە سەر کارەکانی سندوق وە چۆنیەتی گونجاندنی یان نە گونجاندنی لەگەڵ یاسا و رێنماییەکان.
٥-هاوئـاهەنگی کـردن لەگەڵ دیـوانی چـاودێری دارایـی و ئـابووری وە سـوود وەرگـرتن لە پـلان و ئەزموونەکانیان لە بارەی چاودێری کردن و پشکنین وە چارەسەرکردنی گەندەڵی کارگێری.
**ب/** ئەم بەشە دەکرێ لەم هۆبانەی خوارەوە پێک بێت:-
١- پلان و چاودێری کردن.
٢-چاودێری دەرەکی (الرقابة المیدانیة).
٣-ووردبینی (التدقیق).
**حەفتەم: أ/** تەکنەلۆجیای زانیاری.
ئەم ئەرک و بەرپرسیارەتییەی هەیە:-
١-بەڕێوەبردنی سیستەمی کار (نضام التشغیل) لە سندوقی بەڕێوەبردن و بەستنەوەی سیستەمی زانیارییە مەڵبەندییەکان.
٢-ئامـادەکردن و بەڕێـوەبردنی سیسـتەم و تۆڕەکـانی گەیانـدن وە پەرەپێـدانی سیسـتەمە هونەرییەکانی گەیاندن و تەکنەلوجیای زانیاری وە دیزاین کردن وشیکردنەوەی سیستەمەکانی کار
٣-دەسپێکردن بە لێکۆلینەوەی ئیکتوارییەکان و وەبەکارهێنانی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر بۆ کارەکانی سندوق بەپێی نوێترین سیستەمی تەکنەلۆجیا لەم بوارەدا .
٤-دەرچواندنی لیستی مووچەی خانەنشین کراوان وە جێبەجێ کردنی یاسا و بڕیارەکانی تـایبەت بە خانەنشینی و هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە حکومییەکان دەربارەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکـان و بەپێی پێویستیەکانی کار و بەستنەوەی هەموو بەشەکان بە تۆڕی گەیانـدن بە مەبەسـتی دابـین کردنی هەموو زانیارییەکان دەربارەی خانەنشین کراوان.
**ب/** ئەم بەشە دەکرێت لەم هۆبانەی خوارەوە پێک بێن:
١-خزمەتگوزاری تۆڕو پەرەپێدانی سیستەمە هونەرییەکان.
٢-دۆسیەی ئەلیکترونی و دانان (ادخال) و ئامادەکردنی زانیارییەکان.
٣-کردارەکانی گەیاندن و دانان و تەکنەلۆژیای زانیاری.
**هەشتەم: أ/** بەشی یاسایی کە ئەم کارو بەرپرسیارەتییەی هەیە:
١-راوێـژی یاسـایی دەدات دەربـارەی ئەو کێشـانەی کە دەخـرێتە بەردەسـتیان لە لایەن ئەنجـومەنی کارگێری سـندوق و بەرپرسـی سـندوق هەروەهـا سەرپەرشـتی کـردن و ئامـادەکردن و گشـتاندنی هەموو ئەو ئاسـانکاریانەی کە پێویسـتە بـۆ جێبەجـێ کردنـی یاسـاکانی تـایبەت بە خانەنشـینی و بەرزکردنەوەی پێشنیارەکانیان بە مەبەستی بەروە پێشبردن و پەرەپێدانی یاسـاکانی خانەنشـینی

بەپێی بارودۆخی تازە و لە کاتی رووبەرووبونەوەی هەر کێشەیەکی یاسایی ، پاش رەزامەندی بەرپرسی صندوق (ی.بەڕێوەبەری گشتی)، و هەروەها پێشنیارکردنی پارێزەرەکان (المحامين) پاش رەزامەندی بەرپرسی سندوق بو چوونە ناو داوا.

٢-رێکخستنی گرێبەستەکان و هەروەها گرێبەستی بەلێندەرایەتی ئەگەر هاتوو سندوق لایەنەک بوو لەو گرێبەستانە.

٣-نوێنەرایەتی کردنی سندوق لە دادگاکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان وە بە دواداچوونی داواکان ، وە ئەنجام دانی پشکنین و لێکۆلینەوە دەربارەی ئەو کێشانەی کە بۆیا دەنێردرێت لەلایەن ئەنجومەنی کارگێری و بەرپرسی سندوق و هەروەها بە دواداچوونی لیژنەی لێکۆلینەوە و ووردبینی.

**هەشتەم: ب/** ئەم بەشە دەکرێت لەم چەند هۆبەی خوارەوە پێک بێت:

١- داواکان و لێکۆلێنەوە.

٢-لێکۆلینەوەی یاسایی و راوێژکاری.

٣-گرێبەستەکان.

**نۆیەم: أ/**کاگێری و خۆیەتی / ئەم بەشە ئەو کار و بەرپرسیارەتیانەی هەیە:

١- جێبەجێ کردنی یاساکانی خزمەت و میلاک و خانەنشینی و بەرزەفت کردن.

٢- بەرێوەبردنی کاروباری فەرمانبەرانی سندوق وە رێکخستنی کارە کارگێریەکان وەکو بابەتی دامەزراندن پلە بەرزکردنەوە و سەرمووچەی سالانە وە خانەنشین کردنیان هەروەها مۆڵەت و ئامادەکردن و رێکخستنی میلاکیان.

٣-کردنەوەی تۆماری تایبەت بە میلاک و بەدواداچوون بۆ تازەکردنەوە ، هەروەها بەرێوەبردنی سیستەمی (داتا بەیس)ی فەرمانبەرانی سندوق وە دیاریکردنی مووچەکانیان و ئەو گۆرانکارییانەی بەسەریان دادێن.

٤- ئامادەکردن و رێکخستن و بەدواداچوونی تۆماری (السجلات)ی فەرمانبەران وە هەروەها رێکخستنی ناسنامەی فەرمانبەران و دۆسیەی کەسییان وە بەدواداچوونی هەر گۆرانکارییەک وە پاراستنی بەڵگەنامەکانی دۆسییەکان وە بە دواداچوونی دەوامی فەرمی.

٥- ئاگادارکردنەوەی هەموو بەشەکانی سندوق بەو یاساو رێنماییانەی کە لە سندوق و لایەنە باڵاکانی تر دەردەچێت تایبەت بەکارەکانی ئەو بەشە و دەرکردنی فەرمانە کارگێرییەکان بۆ رێکخستنی کاروباری فەرمانبەران.

٦- پێشکەش کردنی پێشنیارەکان و ئامادەکردنی پرۆگرام و خولەکانی ڕاهێنان تایبەت بە پەرەپێدانی کارە کارگێرییەکان وە گەشەپێدانی توانا مرۆییەکان.

٧- ڕێکخستنی نووسراوەکان و سەرپەرشتی کردنی باڵەخانە و پێداویستیەکانی ناو باڵەخانە وە خزمەت گوزاری و چاککردنەوە و پاراستنی پاک و خاوێنی وە چاککردنەوەی ئوتومبێلەکانی سندوق وە ئاگاداربوون لە جووڵانەوەیان وە ڕێکخستنی گواستنەوەی فەرمانبەران وە کردنەوەی تۆماری تایبەت.

**ب/** ئەم بەشە دەکرێت لەم چەند هۆبەی خوارەوەی پێک بهێنرێت.

١- کاروباری فەرمانبەران و خانەنشین کردنیان.

٢- خزمەتگوزاری .

٣- سکرتاریەتی ئەنجومەنی کارگێری.

٤- دەرچوو و هاتوو ئەرشیف.

٥- پەرەپێدان و ڕاهێنانی فەرمانبەران.

**دەیەم: أ/** بەشی خستنە سەری خزمەت کە ئەم ئەرک و بەرپرسیارەتیەیان هەیە:

١- وەرگرتنی داواکاری خستنە سەرو زیادکردنی خزمەتی پێشووی فەرمانبەران ئەوانەی کە بەردەوامن لە خزمەت کە خانەنشین دەکرێن.

٢- ئەژمارکردنی ئەو ماوانەی کە یاسایان بۆ دەرچووە بە مەبەستی ئەژمارکردنیان وەک خزمەتی خانەنشینی بۆ سەر خزمەتی ئێستایان وە دەرکردنی بڕیاری پێویست پاش وەرگرتنی بڕی لێبڕینی خانەنشینی (التوقیفات التقاعدی) بەپێی یاسا،پاش دلنیا بوون لە هەبوونی مەرجی یاسایی بەپێی ڕێنمایەکانی ئەنجومەنی کارگێری سندوقی تایبەت بە کارەکانی ئەژمارکردنی خزمەتەکان وە ئەو بەڵگەنامانەی بۆ ئەو مەبەستە پێویستن.

**ب/** دەکرێت ئەم بەشە لەم هۆبانەی خوارەوە پێک بێت:

١- ئەژمار کردنی خزمەتی مەدەنی و سەربازی.

٢- ئەژمارکردنی خزمەتی خانەنشینی .

٣- ئەژمارکردنی ماوەی دەرکراوان بەهۆکاری سیاسی (الفصل السیاسی).

**ماددە(٢):** داهاتی سندوق تەنها بۆ مەبەستی سندوق خەرج دەکرێت جگە لەو مەبەستانەی لە پەیڕەو دا هاتووە.

**ماددە(٣):** هەموو ژمێریاری سندوق دەکەوێتە ژێر ووردبینی وە چاودێری دارایی هەرێم.

**ماددە(٤):**وەزیری دارایی بۆی هەیە بەشەکان و هۆبەکان لابدات یان لێکیان بدات یان دابمەزرێنیت.

**ماددە(٥):** ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٥٩٨٨ لە ٢٠٢٠/١١/٢٩**

پاڵپشت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٧٠) لە ٢٠٢٠/٧/١٥ کە بە نووسراوی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٤٩٥)لە ٢٠٢٠/٧/٢٩ بەدەستمان گەیشتووە و پەیڕەوی ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە ( پەیرەوی دیاری کردنی مەرجەکانی دامەزراندن لە پلەی باڵا لە هەرێمی کوردستان – عێراق ) ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد.

## ڕێنمایی ژمارە (٢٥) ساڵی ٢٠٢٠

## تایبەت بە پەیڕەوی دیاریکردنی مەرجەکانی دامەزراندن لە پلەی باڵا

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** ئەو کەسەی دادەمەزرێت لە پلەی باڵا (أ) یان (ب)ی خشتەی پەیرەوکراوی مووچە لە هەرێمی کوردستان – عێراق ، یان بەو پلانە دادەمەزرێت ، یان مووچە و دەرماڵەی ئەو پلانەی بۆ خەرج دەکرێت ، سەرباری هەبوونی مەرجە گشتییەکانی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتیدا ، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتەدی:

أ- هەبوونی پلەی وەزیفی چۆڵ لە میلاك بۆ دامەزراندن .

ب- بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت ، شارەزایی و لێهاتوویی لە بواری پسپۆڕی ئەو وەزیفەیەی لێی دادەمەزرێت هەبێت ، و بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەنامەی ڕاستێندراوی پێویست بۆ سەلماندنی هاتنە دی ئەم مەرجە پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار بکات.

ج- بە تاوانی ئابڕووبەر یان جینایەت حوکم نەدرابێت و لەماوەی خزمەتکردنیدا دەستپاکی و لێهاتوویی سەلمێندرابێت .

د- بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێت کە ڕژێمی بەعس نەخشەی بۆ کێشا بێت یان ئەنجامی دابێت لە عێراقدا

**دووەم** : بۆدامەزراندن لە وەزیفەی بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی بەو پلەیەن و ئەوانەشی کە مووچەو دەرماڵەی ئەو پلەیە وەردەگرن ، لە دوای بە دەست هێنانی بڕوانامەی ئامادەیی ئاماژەپێکراو دەبێت خزمەتی لە (١٠ دەساڵ) کە متر نەبێت ، و (٢) دوو ساڵ لەو ماوەیە کەم دەکرێتەوە بۆ ئەوانەی بڕوانامەی ماستەر یان هاوتاکەیان بەدەست هێناوە ، و (٤) چوارساڵیش بۆ ئەوانەی بڕوانامەی دکتۆرا یان هاوتاکەیان بە دەستهێناوە ، و کەمترین ماوەی خوێندن بۆ وەرگرتنی هەریەك لەو دوو بڕوانامەیە بە ماوەی ڕاژە دادەنرێت بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیرەوە.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم** ؛خاوەن پلە باڵا بە فەرمانی هەرێمی دادەمەزرێت دوای پاڵاوتنی لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراقەوە یان هەرلایەنێکی تایبەتمەندی دیکە بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرەکارەکان .

**دووەم** : دامەزراندن لە وەزیفەکانی بەڕێوەبەری گشتی و سەروتر لە دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێم ڕادەگیرێت مەگەر تەنها لەو کاتەی پلەی چۆڵ هەبێت.

**ماددەی (٣):** حوکمەکانی ئەم پەیرەوە پیادە ناکرێت لەسەر ئەمانەی خوارەوە.

أ- سەبارەت بەو خاوەن پلە باڵایانەی کە ڕێکارو مەرجەکانی دامەزراندنیان لە یاسا بەرەکارە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان عێراق دیاری کراون.

ب- ئەوانەی ڕاسپێردراون بە خزمەتی گشتی کە لە ڕێنمایی ئاسانکاری جێبە جێکردنی ئەم پەیرەوە لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری- یەوە دەستنیشان دەکرێن بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیرەوە.

- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوەجێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٥٩٩٠ لە ٢٠٢٠/١١/٢٩**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٨٢٩) لە ٢٠٢٠/١١/٨ بڕیار درا بە :

**ڕێنمایی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**هەڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٠**

هەڵوەشاندنەوەی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٠ کەتایبەت بە خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٦٢٤١ لە ٢٠٢٠/١٢/٧**

ئاماژە بە كۆنووسی لیـژنەی پێـداچوونەوە بە ڕێنمـاییە داراییەكـان ژمـارە (٨) لە ٢٠٢٠/٩/٢٧ بڕیـار درا بەدەركردنی ئەم ڕێنماییە :

**ڕێنمایی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە هەمواركردنی بڕوانامە**

١- ئەو فەرمـانبەرانەی كە لەئێسـتادا درێـژە بەخوێنـدنی ئێـواران دەدەن لە دوای دەوامـی فەرمـی پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتەكەیان هەبێت بۆ تەواوكردنی خوێنـدنەكەیان وە بەبـێ ڕەزامەنـدی وەزارەتەكەیان هەمواركردنی بڕوانامەكەیان بۆ ناكرێت .

٢- ئەو فەرمانبەرانەی كە بەمۆڵەتی خوێندن یان لە خوێندنی ئێواران دوای دەوامی فەرمی بڕوانامە بەدەست دەهێنن دوای ڕاست و دروستی بڕوانامەكانیان پێویستە بڕوانامەكەیان لەگەڵ پسپۆڕی كارەكانیان لە فەرمانگەكەیان بگونجێت و بەپێچەوانەوە بۆیان هەموارناكرێت .

٣- لەپاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بۆ تەواوكردنی خوێندنی ئێواران لە دوای دەوامی فەرمی دەبێت فەرمانبەرەكە سەرەتای دەست پێ كردنـی بە خوێنـدن ڕەزامەنـدی وەزارەتەكەی وەر بگرێـت بـۆ درێژەدان بە خوێندنەكەی وە بەپێچەوانەوە بڕوانامەكەی بۆ هەژمار ناكرێت .

٤- ئەم ڕێنماییانە لە ڕێكەوتی دەرچوونیەوە كاری پێ دەكرێت و لەڕۆژنامەی (وەقایعی كوردسـتان) بڵاو دەكرێتەوە

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ٦٢٤٢ لە ٢٠٢٠/١٢/٧**

**ڕێنمایی ژمارە (٢٨) ساڵی ٢٠٢٠**
**تایبەت بە جیاوازی مووچە و دەرماڵەکان**

ئامـاژە بە ڕێنماییەکانمـان ژمـارە(٩ و ١٧ و ١٨)ی سـاڵی ٢٠١٨ و ڕێنمایمـان ژمـارە (٦)ی سـاڵی ٢٠١٩ کە تایبەتن بە خەرج کردنەوەی جیـاوازی مـووچە و دەرمـاڵەی مـووچە خـۆران وە ئاماژە بە کۆنووسـی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە دارییەکان ژمارە (١٢) لە ٢٠٢٠/١١/١٨ :

- ئەو مووچە خۆرانەی کە بە هەڵە کەمتر یان زیاتر لە مووچە و دەرماڵەکانی شایستەیان بۆ خەرج کـراوە ، بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی ئەم هەڵانە بڕیـاردرا بە بەردەوام بـوون و کـارکردن بە ناوەرۆکی ڕێنماییەکانی سەرەوە بە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

**یەکەم:** ڕەچاوی ڕێژەی پاشەکەوتی مووچە بکرێت بەپێی مانگەکانی شایستەبوونی .

**دووەم** : لە حاڵەتێکدا ئەگەر کەمتر لە شایستەی مـووچە و دەرمـاڵە بـۆ مـووچە خـۆران خەرج کرابێـت مانگانە تاکو بڕی ( ١٠٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن دینار خەرج بکرێتەوە و ئەگەر گوژمەی جیاوازی مـووچە و دەرمـاڵەی مـووچە خـۆرەکە لە بـڕی (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیـۆن دینـار زیـاتر بێـت پێویسـتە ڕەزامەنـدی وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشـتی ژمێرکـاری / بەڕێـوەبەرایەتی خەرجییەکـان وەربگیرێت .

**سێیەم:** ئەم ڕێنماییانە لەڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٦٢٤٣ لە ٢٠٢٠/١٢/٧**

ئاماژە بەکۆنووسی لیژنەی پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٢) لە ٢٠٢٠/١١/١٨ بڕیار درا بە هەموارکردنەوەی بڕگەی (ج) لە خاڵی (٣) ڕێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ بەم شێوەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٠**

١- بۆ هەر زیادکردن و گۆرانکارییەک لەو ڕێژانەی کە لە خاڵی (٣) و بڕگەی (أ ، ب)ی خاڵی (٣)ی ڕێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ هاتووە لە دەسەڵاتی وەزارەتماندایە .

٢- ئەم ڕێنماییانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە ٠

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٦٣٠٦ لە ٢٠٢٠/١٢/٨**

بەهۆی نزیک بوونەوەی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ و بەمەبەستی دیاری کردنی هەلی گونجاو بۆ یەکە ژمێرییارییەکانی بەستراو و نەبەستراو بە وەزارەتەکان ، بەمەبەستی پاکتاوکردنی ژمێرییارییەکان و گەیاندنیان بۆ وەزارەتمان لەکاتی دیاری کراو بڕیاردرا بە :-

**ڕێنمایی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە ڕاگرتنی خەرجی**

١- ڕاگرتنی گشت خەرجییەک لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/١٦ بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٠ جگە لە مووچە و پێشینەی خەرج کراوی مانگانە و کرێیەکانی مانگانە و خاوێن کردنەوە و خواردن .

٢- ڕاگرتنی زیادکردنی پێشینەی بەردوامی مانگانە .

٣- ئەم ڕاگرتنە تەمویل کردنی تایبەت بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان ناگرێتەوە .

٤- لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە هیچ داواکارییەکی خەرجی ئاراستەی وەزارەتمان نەکرێت .

٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/١٦ کاری پێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە ٠

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٦٦٥٩ لە ٢٠٢٠/١٢/٢٢**

ئامــاژە بە نووســراوی وەزارەتــی پێشــمەرگە ژمــارە (٨٠٦٠) لە ٢٠٢٠/٩/٢٢ و کۆنووســی لیــژنەی پێداچوونەوە بە ڕێنمـاییە داراییەکـان و دەرکردنـی ڕێنمـایی نـوێ ژمـارە (١٠) لە ٢٠٢٠/١١/١٨ بڕیـاردرا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-

**ڕێنمایی ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**یەکخستنەوەی دۆسیەی کەسی گشت ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگە**

١- هەر ئەفسـەر و پـلەدار و پێشـمەرگەیەک پـێش ساڵانی (١٩٩١) خزمەتـی پێشـمەرگایەتی هەبێـت پێویسـتە لە لایەن دەزگـای ئەیلـول یـان دەزگـای پێشـمەرگە دیرینەکـان بە نووسـراوی فەرمـی پشتگیری بکرێت.

٢- هەر ئەفسـەر و پـلەدار و پێشـمەرگەیەک خزمەتـی لە سـاڵی (١٩٩١) تـاکو سـاڵی (٢٠٠٠) هەبێـت و فەرمانی دامەزرانـدنی نەبێـت ئەوا پێویسـتە ناسـنامەی پێشـمەرگایەتی یـان بەڵگەنـامەی فەرمـی یەکەی پێشوو یان هەر بەڵگەیەکی تر وەکو بەڵگەی برینداری یان نووسراوی چارەسـەری پزیشـکی یان نووسراوی هاوکاری ئەو ساڵانەی هەبێت.

٣-هەر ئەفسـەر و پـلەدار و پێشـمەرگەیەک لە دوای سـاڵی (٢٠٠٠) دامەزرابێـت پێویسـتە فەرمـانی دامەزراندنی هەبێت .

٤- هەر ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگەیەک خزمەتی لە ساڵی (١٩٩١) تاکو سـاڵی (٢٠٠٠) هەبێـت و هـیچ بەڵگەیەکی نەبێت وەک لە خاڵی (٢) ئاماژەی پێ کراوە ، ئەوا پێویستە دوو شـاهید ئامـادە بکـات و لیـژنەکە دەسـەڵاتی هەبێـت داوای هەر بەڵـگەیەک بکـات بە سـوێند خواردنیشـەوە بـۆ گەیشـتن بە ڕاستیەکان دوای قەناعەتی لیژنەکە بە بەڵگەکان.

٥- دوای پەسەندکردنی ڕاژەی خزمەت لە لایەن لیژنە و واژووکردنی لەلایەن وەزیر بەفەرمانی وەزاری خزمەتەکەی جێگیر بکرێت بەپێی ماددەی (٧) لە پەیڕەوی ژمارە (٦).

٦-ئەم ڕێنمـاییە لە ڕۆژی دەرچـونیەوە جێبەجـێ دەکرێـت و لە ڕۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٢٧٦٨ لە ٢٠٢٠/١١/٢٥**

**بەیانی**
**ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای ناوەندی لێکۆلینەوەی یاسایی ژمارە (١٠١)ی ساڵی ١٩٧٩ و رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان فەرمانگەی کاروباری کارگێری دارایی بەڕێوەبەرایەتی کارگێری بەنووسراویان ژمارە (٦٧٧١) لە ٢٠٢٠/١١/٢ بریارماند بە :

- کردنەوەی (ناوەندی لێکۆلینەوەی یاسایی) لەگەڵ دەرکردنی گۆڤارێکی زانستی لە ژێر ناوی گرێبەستی کۆمەڵایەتی (العقد الاجتماعي) لە دیوانی وەزارەت .
- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٠٠٣٣ لە ٢٠٢٠/١٢/٢**

## بەیانی ژمارە (٥٦) ساڵی ٢٠٢٠

## فراوان کردنی حەرەمی گوندی فقێ جنە

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (شەشەم) بڕگە (سێزدەیەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو و ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموار کراو و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠١٧ و ئاماژە بە نووسراوەکانی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١١٤٤٥ لە ٢٠١٨/١٢/١٠) و(٧٧٦٠ لە ٢٠٢٠/١١/١٨) دوا بەدوای هەر دوو نووسراومان ژمارە (١٣٤٢ لە ٢٠١٨/١/٢٤) و (٢٩٨٥ لە ٢٠٢٠/٢/٣) لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

- فراوان کردنی حەرەمی گوندی (**فقێ جنە**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنوری قەزای دەربەندیخان – پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری (٦٩ ، ٨ ، ٤) چوار دۆنم و هەشت ئۆلک و شەست و نۆ مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٤ و ٢١) لە کەرتی (٣٠) فقێ جنە وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە : ٦٩٩١ لە ٢٠٢٠/١١/٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٥)ی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**یەکەم**: کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی یەکسانی جێندەری لەناو دیوانی وەزارەت کە ڕاستەوخۆ سەر بە وەزیر دەبێت .

**دووەم** : ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**دەستەی دەسپاکی**

**ژمارە : ١٦٦ لە ٢٠٢٠/١٢/٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٥ – دەیەم)، ماددەی (٩ – دووەم) لە یاسای دەستەی دەسپاکی و ئاماژە بە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ ( فەسلی هەشتەم / بەڕێوەبەرایەتی یاسایی / ماددەی (٤٣) بڕگەی (٣) ، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دەستە لە ٢٠٢٠/١٢/١ بڕیارماندا بە:

**بەیان**

- گۆرینی (شعبە) هۆبەی چاودێری لەسەر دارایی هەرێم (الرقابة علی الاموال الاقلیم) بۆ بەش (قسم) لە فەرمانگەی یاسایی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٠

**د. احمد انور محمد**
**سەرۆکی دەستە**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

**بەیانی**

**ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی (**سەنتەری چارەسەرکردنی نەخۆشیە گوازراوەکان لە قەڵادزێ**) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین.

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٥.

**بەیانی**

**ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی (**سەنتەری چارەسەرکردنی نەخۆشیە گوازراوەکان لەڕانیە**) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٥.

**بەیانی**

**ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی (**سەنتەری دهۆك بۆمەشق و ڕاهێنانی پزیشکی** ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك.

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٥.

**بەیانی**

**ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی (**تاقیگەی PCR ) بۆ پشکنینی نەخۆشیەکانی** (Covid-19 ) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ئاکرێ سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٥.

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**